گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە

**پ.د. صالح عمر عیسی**
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی، زانکۆی صلاحالدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
salih.issa@su.edu.krd

**د. پەرویز رحیم قادر**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی، زانکۆی صلاحالدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
parwez.qader@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٨/٤
پەسەندکردن:٢٠٢١/٩/١٥
بڵاوکردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Economic Security, Copenhagen School, Rent economy, Economic crisis and Kurdistan Region - Iraq*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.06

## پوختە

لەم توێژینەوەدا هەوڵماندواە لە چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان وبەم پێیەش هەرەشە ومەترسییە ئاسایشییەکانی بخەینەروو. چونکە قوتابخانەی کۆپنهاگن بە خستنەرووی پێنج بوار وکەرتی ئاسایشی (سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابووری وژینگەیی) دەتوانێت ئەو هەرەشە ومەترسییە شاراوانەش لە چوارچێوەی پرسە ئاسایشییەکاندا ئاشکرا بکات. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی وچوارچێوەی تیۆری پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستانیش تاوتوێ دەکات. لە کۆتاییشدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتی بوو لەوەی کە هەموو رەهەند و بوار و کەرتەکانی ئاسایشی کاریگەریان لەسەر پرسە ئاسایشییەکان بەگشتی و پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەیە و پاشان لەم ساڵانەی دواییدا، نا-ئاسایشی ئابووری و لێکەوتە و پرسە پەیوەندیدارەکانی بەتایبەتی دابەزینی نرخی نەوت و برینی بودجە و مووچە لەلایەن عێراقەوە بەهۆی

ناکۆکی سیاسی و هەروەها سیستەمی ئابووری تاک سەرچاوەی پشتبەستوو بە فرۆشتنی نەوت و بودجەی حکومەتی فیدراڵی، هەرێمی کوردستانی رووبەرووی نا-ئاسایشی ئابووری کردۆتەوە و رێژەی بێکاری و هەژاری و کۆچی لاوانی لە هەرێمی کوردستان بەرز کردۆتەوە، بەم پێیەش ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە.

## پێشەکی

قوتابخانەی کۆپنهاگن وەکو قوتابخانەیەکی نوێی ئاسایشی خوێندنەوەی تایبەتی بۆ پرسەکانی ئاسایشی هەیە. ئەم قوتابخانەیە هەوڵدەدات بە رەخنە گرتن لە قوتابخانە کلاسیکی یاخود نەریتییەکانی ئاسایشی کە زیاتر گرنگی بە بواری ئاسایشی سەربازی دەدەن، هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەرەشە ومەترسییە ئاسایشییەکان بکات ولەم چوارچێوەیەشدا رەهەند وبواری نوێی ئاسایشی دەخاتەروو. ئەم قوتابخانەیە پێنج بواری ئاسایشی سەربازی، کۆمەڵگەیی، سیاسی، ئابووری وژینگەیی وەکو رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت وبەم پێیەش خوێندنەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەکات. هەرێمی کوردستان خاوەن ئابوورییەکی نیمچە سەربەخۆ وسەرچاوەی سروشتی وژینگەیەکی تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق هەیە. بەڵام لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن رووبەرووی چەندین ئالنگاری وهەڕەشەی ئاسایشی بۆتەوە. بۆ نموونە لە ئێستادا ناکۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گرفت وئالنگاری بۆ ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دروستکردووە. لەرووی ئابوورییەوە ئابووری تاک بەرهەمی پشتەستوورە بە فرۆشتنی نەوت وهەروەها بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری وهەژاری بۆتە پرسێکی ئاسایشی وبەم پێیە ئاسایشی هەرێمی کوردستان وکاریگەری لەسەر کۆی بوار ورەهەندەکانی تری ئاسایشی دەبێت.

گرنگی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە بە خوێندنەوەی پرسە ئاسایشییەکان لە چوارچیوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەوڵدەدات کە تەنها لە بواری سەربازی خوێندنەوە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان نەکات، بەڵکو هەوڵدەدات بە کەڵک وەرگرتن لە پێنج رەهەندی ئاسایشی کە لەلایەن قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە خراونەتەروو، پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکات. بەم پێیەش ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەیە روانگەیەکی بەرفراوانتر و فرەرەهەندتر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخاتەروو. ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە بە خستنەڕووی روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرس وبابەتە ئاسایشییەکانی بواری ئابووری هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکات و بیانخاتەروو وپاشان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. بەم واتایە، ئەم توێژینەوە بە سوودوەرگرتن لەروانگە تیۆرییەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان و بەم پێیە هەڕەشە و مەترسییەکانی و کاریگەری لەسەر کەرت و بوارەکانی تری ئاسایشی دەستنیشان دەکات و خوێندنەوە بۆ ئەم پرسانە دەکات.

بۆیە گرفت یاخود پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئابووری هەرێمی کوردستان بەپێی تیۆرییە ئاسایشییەکان (قوتابخانەی کۆپنهاگن) شرۆڤە بکات بۆ ئەوەی کە نیشانی بدات کە کێشە و گرفتەکانی ئەم چەشن و سیستەمە ئابوورییەی هەرێمی کوردستان کامانەن و لە کۆتاییشدا بەهۆو کارەگەری لەسەر کۆی سەکتەر و بوارەکانی تری ئاسایشی وەکوو پرسێکی ئاسایشی باڵا مامەڵە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بەم پێیە و لەم چوارچێوەیەدا، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسە سەرەکییەکانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان کامانەن؟ پرسیارە لاوەکییەکانیش بریتین لە: مەترسی و هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان کامانەن؟ پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسە ئاسایشییەکانی تر هەیە؟

بە هۆی ئەوەی کە لەلایەک توێژینەوەکە گرنگی بە ئەدەبیاتی تیۆری ئاسایشی و دەقە تیۆرییەکان دەدات و لەلایەکی تریشەوە مامەڵە لەگەڵ رەهەند و بوارەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئامار و زانیارییە پێدراوەکان دەکات، میتۆدی ئەم توێژینەوە سوود لە رێبازی "شیکاری ناوەرۆک" وەردەگرێت و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش سوود لە سەرچاوەکانی قوتابخانە و ئینتەرنێت وەردەگرێت. جگە لەمانەش هەوڵدراوە سوود لە قوتابخانەی کۆپنهاگن وەکو دابەشکردنی پرس و سێکتەرە ئاسایشییەکان بۆسەر پێنج بوار و رەهەندی "سیاسی و سەربازی و کۆمەڵگەیی و ئابووری و ژینگەیی"، وەربگیرێت. گریمانەی توێژینەوەش ئەوەیە کە بەپێی سێکتەر و بوار و رەهەندەکانی ئاسایشی لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، دەتوانین بوار و رەهەندەکانی سێکتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسـایشـی ئابووری هەرێمی کوردسـتان پۆلین و هەڵسـەنگاندنیان بۆ بکەین، هەروەها خوێندنەوەی ئاسـایشـی ئابووری هەرێمی کوردسـتان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پرسـە ئاسـایشـییەکانی هەرێمی کوردسـتـان کـاروکـارلێـک لەگەڵ یەکتری دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا، یەکێک لە گرنگترین پرسـە ئاسایشـییەکانی هەرێمی کوردسـتان لە ئێسـتادا بوونی نا-ئاسـایشـی ئابوورییە کە کاریگەری لەسـەر هەموو بوارە و پرسـەکانی تری ئاسـایشـی داناوە، ئەمەش بەهۆی ناکۆکییە سـیاسـییەکانی هەرێمی کوردسـتـان لەگەڵ حکومەتی فیـدراڵی لەلایەک و دابەزینی نرخی نەوت و سـیسـتـەمی ئابووری تاکسـەرچاوەی پشـت ئەسـتوور بە فرۆشـتنی نەوت (ناسـراو بەئابووری ڕێنتی یاخود کرێخۆر) و سـەرهەڵدانی دیـاردەی گەنـدەڵی لەلایەکی ترەوە، دروسـتبووە. بۆیە بەپێی چوارچێوەی تیۆریی قوتابخانەی کۆپنهاگن، مەترسییە ئاسایشییەکانی سەر سێکتەری ئابووری لە هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی درووستبوونی هەڕەشە لەسەر کەرت و بوارەکانی تری ئاسایشی وەکوو؛ ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی ژینگەیی و ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی کۆمەڵگەیی.

## ١-چوارچێوەی تیۆری

### ١-١- بنەما ورەهەندەکانی ئاسایش لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن

لەسەرەتادا، چەمکی ئاسایش لە بەرامبەر چەمکی ئاشتیدا بەکارهاتووە وەکو ئامادەکارییەك بۆ سرینەوە یاخود نەبوونی جەنگ. بەپێی وتەی توێژەری بواری ئاسایشی نەتەوەیی "رۆما رۆتشیلد (Emma Rothschild)"چەمکی ئاسایش هەر لە سەدەی ١٧ی زایینەوە لە هزری سیاسی ئەوروپییەکاندا بوونی هەبووە. چەمکی ئاسایش لە وشەی لاتینی (securitas)وەرگیراوە کە پاشان بۆ وشەی (securus) گۆڕدراوە و بە مانای ئازادی و رزگاربوون لە چاودێری (care) هاتووە.[1] بەم واتایە کە تاکەکان دووربن لە دەستدرێژی و توندوتیژی. لە رووی نەریتییەوە، دەوڵەت و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی وەکو؛ "حکومەت (government)، کۆمەڵگە (society) و خاك (territory) " کە

[1] - See: Emma Rothschild (1995), What Is Security? Daedalus, Vol: 124, no. 3, the Quest for World Order. Published by: The MIT Press on behalf of American Academy of Arts & Sciences. pp: 53-98. Available at: <https://www.peacepalacelibrary.nl/ebooks/files/Rothschild_What-is-security.pdf>. Last visited: 10-1-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڕەشەی بەردەوامی و مانەوەیان لەسەرە، بە سەرچاوەی ئاسایش دانراون (Buzan, Waever&Wilde, 1998: pp. 21-39). هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکانی بواری ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگی زیاتر پێدراوە و ریالیستەکان چەمکی ئاسایشی نەتەوەییان وەکو ئاماژەیەك بۆ روانگەی سەنتەربووونی دەوڵەت (state-centred approach) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەت وەکو سەرچاوەی دابینکردنی ئاسایش و هەروەها مانەوەی دەوڵەت بەکارهێناوە. (Møller, 2000: pp. 1-3).

هەر لەم روانگەیەوەیە کە چەمکی ئاسایش بە توانای دەوڵەت پێناسە دەکرێت سەبارەت بە بەرگری و پاراستنی خاك و بەها بنچینەییەکانی خۆ لە هەرەشە و مەترسییە سەربازییەکان. لەم روانگەیەوە دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایش لەلایەن دەولەتانە کە لە رێگەی پەیرەو کردنی سیاسەتی سەربازییەوە دەستەبەر دەکرێت، بە ئامانجی مانەوەیە (survival). (Bellany, 1981: 102 ).

"ئارنۆڵد وۆڵفێرز" (Arnold O. Wolfers) (June 14, 1892 – July 16, 1968) ئاسایشی نەتەوەیی بە هێمایەکی ناڕوون (Ambiguous Symbol) پێناسە دەکات و پێیوایە ناکرێت بە هیچ شێوەیەك پیناسەی بکەین.[1] لەلایەکی ترەوە، "ستیڤان واڵت" (Stephen M. Walt) (born July 2, 1955) پێیوایە کە چەمکی ئاسایش بریتییە لە: "توێژینەوە لە هەڕەشەکان، بەکارهێنان و کۆنترۆڵ کردنی هێزی سەربازی، بە تایبەت ئەو سیاسەتە تایبەتانەی کە دەوڵەتان دەیگرنەبەر بە مەبەستی، ئامادەسازی و رێگرتن و بەشداربوون لە جەنگ"(See; Walt, 1991).

روانگەی نەریتی یاخود کلاسیکی کە زیاتر ریالیستی بۆ ئاسایش کە لەسەر بنەمای سەربازی و مەترسی دەرەکی دارێژرا بوو لە دەیەی ١٩٦٠ گۆڕانی بەسەرداهات. لێرە بە دواوە چەمکی ئاسایش بەرفراوانتر بوو و تەنها لە بواری سەربازی پێناسە نەکرا. بۆ نموونە "رۆبێرت مەکنامارا" (June 9, 1916 – July 6, 2009) (Robert McNamara) وا پێناسەی ئاسایشی کرد و وتی: "ئاسایشی بریتییە لە گەشەسەندن و بە بێ گەشەسەندن هیچ ئاسایشیک بوونی نییە. گەشەسەندن بە مانای پێشکەوتن وپەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە (McNamara, 1968, 149 ). ئەم

---

[1] - See: Arnold Wolfers (1952), "National Security" as an Ambiguous Symbol, Political Science Quarterly, Published By: The Academy of Political Science: Vol. 67, No. 4 (Dec., 1952), pp. 481-502.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرەسەندنە لە بواری ئەکادیمی و زانستییەوە لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان لەپاڵ گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد بووە هۆی ئەوەی کە چەمکی ئاسایش بەرفراوان و فرەرەهەند بکرێت و جگە لە بواری سەربازی گرنگی بە بوار و رەهەندەکانی تریش بدرێت. لەم نێوەندەشدا قوتابخانەی کۆپنهاگن بەهۆی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی فرەرەهەند و گشتگیر بۆ پرسە ئاسایشییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بۆتە جێگەی گرنگی توێژینەوە ئاسایشییەکان (McDonald, 2008: 565).

قوتابخانەی کۆپنهاگن ناونیشانێکە کە بۆ بەرنامەی کاری توێژینەوەی گروپێک لە توێژەرانی جیاوازی دامەزراوەی توێژینەوەی ئاشتی لە کۆپنهاگن ( The Copenhagen Peace Research Institute (COPRI)) بەکاردێت. هەرچەندە "باری بۆزان" خۆی بە شوێنکەوتووی قوتابخانەی ئینگلیزی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (English school of international relations) دەزانێت ( See: Buzan, 2004)، بەڵام ئەوە "بیل مەکسوویینی" (Bill McSweeney) بوو کە چەمکی قوتابخانەی کۆپنهاگنی بۆ کارەکانی "باری بۆزان" (١٩٤٦- ) و "ئۆلێ وەیڤەر"(١٩٦٠- ) و "جاپ دۆڤیلد"(١٩٧٥- ) بەکارهێنا. خاڵی جیاکەرەوەی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کە هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان لە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی سەردەمی جەنگی سارد جیا بکاتەوە و بیخاتە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە هەمانکاتیشدا لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانیش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان دابنێت (McSweeney, 199, pp: 81-93).

قوتابخانەی کۆپنهاگن لەگەڵ نووسینی کتێبی "خەڵک، دەوڵەتان و دڵەراوکێ"[1] لەلایەن "باری بۆزان"ەوە سەریهەڵدا بۆ ئەو مەبەستەی کە دیراساتی ئاسایشی لەژێر هەژموونی فاکتەر و پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان وڵاتان رزگار بکات. ئەم قوتابخانەیە پێداگرییەکی تایبەت لەسەر رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسایش دەکاتەوە، "باری بۆزان" (Barry Buzan) و "ئۆلێ وەیڤەر" ( Ole Wæver)[2] و "جاپ دۆڤیلد" (Jaap de Wilde) لە گرنگترین بیرمەندان و تیۆریسییەنەکانی ئەم قوتابخانەیەن. قوتابخانەی کۆپنهاگن هەوڵدەدات کە بە رەخنەگرتن لە روانگە نەریتییەکان وەکو؛

---

1 -Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition (March 1, 2007).
2 - Ole Wæver and Barry Buzan(2003), Regions and Powers: The Structure of International Security (Cambridge Studies in International Relations Book 91), Cambridge University Press (December 4, 2003).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ریالیستەکان کە تەنها ئاسایش لە روانگەی هێز و جەنگ و هەروەها ئایدیالیست و لیبرالەکان کە ئاسایش تەنها لە روانگەی ئاشتییەوە دەبینن و هەروەها روانگە و قوتابخانە پۆست مۆدێرنەکان یاخود رەخنەییەکان کە تەنها رەخنە لە بنەما کۆن و رابردووییەکان دەگرن، رەهەند، پرس و بواری تر بێنێتە ناو بواری توێژینەوە ئاسایشییەکان (Walt, 1992: pp. 45-61).

لە روانگەیەکی تر، ئەم قوتابخانەیە وەکو رێگەیەکی سێیەم دادەنرێت لەنێوان روانگەی بەرفراوانخوازەکان (wideners) کە پێیانوابوو پێویستە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان بەرفراونتر بکرێن و لە چوارچێوەی هەرەشە سەربازییەکان و ناوەندییەتی دەوڵەت دەربهێنرێت و هەموو ئەکتەرە ئاسایشییەکانی تر وەکو تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و...هتد، لەخۆ بگرێت و پرسەکانیش بەرفراوان بکرێت و پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و سیاسییەکانیش لەخۆ بگرێت (Williams, 2003: 513).

لە بەرامبەریشدا نەریتگەراکان (traditionalists) پێداگریان لەسەر پرسە سەربازییەکان و ناوەندییەتی دەوڵەت لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکاندا دەکرد و پێیانوابوو کە بەرفراوانکردنی بواری لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان وادەکات کە هەموو پرسێک بەئاسایشی بکرێت و ئەمەش یەکانگیری و یەکگرتووی تیۆریی لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان دەخاتە مەترسییەوە (Ole Wæver, 2003: 8). بەڵام قوتابخانەی کۆپنهاگن لەنێوان ئەم دوو روانگەیە دایە، بەم واتایە لەلایەک نایەوێت لێکۆڵینەوەکانی بواری ئاسایشی هەموو پرس و بابەتەکان بە ئاسایشی بکات و ئەمە بە مەترسی و نائاساییی دەزانێت و لەلایەکی تریشەوە نایەوێت لیکۆڵینەوەی ئاسایشییەکان تەنها تایبەت بێت بە پرس و بوارەکانی سەربازی و ناوەندییەتی دەوڵەت.

"باری بۆزان" لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی "نموونە و شێوازەکانی نوێی ئاسایشی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا" ئەوە دەخاتەڕوو کە پێنج بوار(five sectors) یاخود پرسی ئاسایشی بە پێی گۆڕانکارییەکان لە ناوەند (center) کاریگەری لەسەر پەراوێز (periphery) دادەنێن. ئەم پێنج بوار و پرسەش بریتین لە بوار و پرسە سیاسییەکان، سەربازییەکان، ئابوورییەکان، کۆمەڵگەییەکان و ژینگەییەکان. "بۆزان" پێیوایە کە ئەم پێنج بوار و پرسە بە جیا لە یەکتری کار ناکەن، بەڵکو هەر کامەیان کێشە و هەڕەشەیەکی ئاسایشی دەکەنە ناوەندی گرنگی پێدان و رێوشوێن و ئەولەوییەتەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشان دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان پێکەوە لە تۆڕێکی پێکەوە گرێدراو پەیوەندیان پێکەوە هەیە (Buzan, 1991: 433). بەم پێیەش چیتر ئاسایش تەنها بواری سەربازی نییە، بەڵکو ڕەهەند و بواری و سیکتەرەکانی تریش کاریگەریان لەسەر ئاسایشی سەربازی و بە پێچەوانەوە هەیە. هەروەها ئەم قوتابخانە کاری لەسەر چەندین چەمکی نوێ لە بواری ئاسایشی وەکو؛ کردەوەی گوتاری (speech act) و تەنگژەی ئاسایشی (security dilemma) و ئاسایشی کۆمەڵگەیی ( Societal security) سەرچاوەی ئاسایشی (referent object) کردووە کە لە بوار و پرس و سێکتەرە ئاسایشییەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت (See: Ali Diskaya, 2013: pp. 1-13). هەروەها بە ئاسایشی کردن (Securitization) و بە نا-ئاسایشی کردن (De securitization) دوو چەمکی زۆر ناوەندی ئەم قوتابخانەیەن (See: Ole Waever, 1995: pp. 46-86). لێرەوە دەتوانین بڵێین، ئەم قوتابخانەیە نەبوونی هەڕەشە  و مەترسی بە ئاسایش دادەنێت و پێیوایە کە نەبوونی هەڕەشە بە واتای ئاسایش دێت. هەروەها ناتواندرێت سیستەمیکی ئاسایشی یەکپارچە بۆ هەموو دەوڵەتان دابنرێت، بەم واتایە کە لە هەندێ دەوڵەتدا هەڕەشە سەربازییەکان لە ئەولەوییەتدان و لە هەندێ ولاتی تریش مەترسی و پرسە سیاسی و ئابوورییەکان بە هەڕەشە دادەندرێت.

**١-٢- ئاسایشی ئابووری لە ڕوانگەی فوتابخانەی کۆپنهاگن**

"باری بۆزان" پێیوایە دەستنیشانکردنی بوار یاخود پرسە ئاسایشییە ئابوورییەکان بە هۆی سروشتی خودی ئابووری زۆر ئەستەم و ئاڵۆزە. بۆ نموونە باری بۆزان پێیوایە کە دەستنیشان کردنی هەلومەرجی ئاسایی ئەکتەرەکان لە ئابووری بازار یەکێک لەو ریسک (risk) یاخود مەترسییانەیە کە لەسەر بنەمای رکابەرایەتی دوژمنکارانە (aggressive competition) و نادڵنیایی ( aggressive competition) بەرێوە دەچێت (Buzan, 2007: 124). لەلایەکی تریشەوە بە بڕوای "بۆزان" ئاسایشی سەربازی بە هۆی گوشار و سنووردارییەتییەکانی بودجەی دەوڵەت بە توندی بە ئاسایشی ئابوورییەوە گرێدراوە. هەروەها دەکرێت ئاسایشی ئابووری بە کلیل یاخود بە نیشاندەر و پێوەرێکی سەرەکی هەڵسەنگاندنی ئاسایشی گشتی دەوڵەت دابندرێت. بۆ نموونە ئەگەر ئاسایشی ئابووریی دەوڵەتانی گەشەسەندوو و دەوڵەتانی پەرەنەسەندوو پێکەوە بەراورد بکەین، بە سانایی دەردەکەوێت

کە لە رێگەی ئاسایشی ئابوورییەوە دەتواندرێت بوار و رەهەندەکانی تری ئاسایشی بونیاد بنرێت. (Stone, 2009: 5).

بە بڕوای "باری بۆزان"، مێرکانتالیستەکان (Mercantilists) و نیۆمێرکانتالیستەکان ( Neo Mercantilists) ئەولەوییەت دەدەنە سیاسەت، بەم واتایە کە دەوڵەت هەردوو ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت بۆ بەرهەمهێنانی سامان، هەروەها ئاسایشی پێویست بۆ کاری ئازادانەی بازار و دامەزراوە ئابوورییەکان دەستەبەر دەکات.[1] لەم روانگەیەوە ئاسایشی ئابووری بەشێکە لە بەرژەوەندی و ئاسایشی دەوڵەت. هەروەها بە پێی روانگەی لیبرالەکان ئەرکی دەوڵەت لە ئاسایشی ئابووری تەنها پاراستنی ئاسایشی سیاسی و سەربازییە و ئاسایشی ئابووری بریتییە لە دەرکردنی یاسا و رێکخستنی ئەو بوارانەیە کە بازار ناتوانێت رێکی بخات. بەڵام سۆسیالیستەکان ئابووری بە ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەنێن و بڕوایان وایە کە پێویستە دەوڵەت بیخاتە خزمەت دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری. بە بڕوای بۆزان بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد روانگەی لیبراڵی سەرکەوت و بەم پێیە ئەجێندای ئاسایشی ئابووری بوارەکانی بازرگانی و بەرهەمهێنان و دارایی گرتەوە و پرسەکانی پەیوەست بە رۆڵی دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتی بە تایبەتی نایەکسانی و نادادپەروەری لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانی سەریهەڵدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەجێندای ئاسایشی ئابووری بە هۆی گۆڕانکارییەکان چەندین پرس و بواری گرتۆتەوە، بۆ

[1] - Mercantilism is an economic policy that is designed to maximize the exports and minimize the imports for an economy. It promotes imperialism, tariffs and subsidies on traded goods to achieve that goal. The policy aims to reduce a possible current account deficit or reach a current account surplus, and it includes measures aimed at accumulating monetary reserves by a positive balance of trade, especially of finished goods. Historically, such policies frequently led to war and motivated colonial expansion. Mercantilist theory varies in sophistication from one writer to another and has evolved over time ،It promotes government regulation of a nation's economy for the purpose of augmenting state power at the expense of rival national powers. High tariffs, especially on manufactured goods, were almost universally a feature of mercantilist policy. Before it fell into decline mercantilism was dominant in modernized parts of Europe and some areas in Africa from the 16th to the 19th centuries, a period of proto-industrialization, but some commentators argue that it is still practiced in the economies of industrializing countries in the form of economic interventionism With the efforts of supranational organizations such as the World Trade Organization to reduce tariffs globally, non-tariff barriers to trade have assumed a greater importance in neomercantilism.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونە(Buzan& Wæver& de Wilde, 1998: pp. 95-99)؛ ا-توانایی دەوڵەت لە پاراستنی سەربەخۆیی بەرهەمهێنانی سەربازی لە ئاستی بازاری جیهانی یاخود بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، پەیوەندی نێوان ئابووری و توانای مۆبلیزەکردنی سەربازی دەوڵەت. ب- ئەگەرەکانی لاوازبوونی ئاسایشی ئابووری بەهۆی وابەستەیی بە سەرچاوە و بازاری جیهانی و خستنەروو (بەتایبەتی نەوت) و بەکارهێنانی لە بواری سیاسی. ج- مەترسییەکانی بازاری جیهانی بۆ لە دەستدانی هەژموونی ئابووری و قەیرانەکانی پەراوێزکەوتن و قەرزی دەرەکی و وڵاتانی گەشەنەسەندوو و لە ئاستی ناوخۆییش بێکاری و پەرەسەندنی جەمسەربەندییە کۆمەڵایەتییەکان. د- بازرگانی نایاسایی بەتایبەتی مادەی هۆشبەر و چەک لەلایەن گروپ و ریکخراوە تاوانکارییەکان و بازرگانی تەکنەلۆژیا و چەکە کۆمەڵکوژەکان و گوشار لەسەر ژینگەی جیهانی بە هۆی پەرەسەندنی پیشەسازی و بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان. ه- مەترسییەکانی قەیرانی ئابووری لە ئاستی جیهانی و داروخان و تێکچوونی سیستەمی دارایی و ئابووری نێودەوڵەتی.

بە بڕوای "باری بۆزان"، لاوازی و داروخانی ئابووری وڵات جگە لەوەی ئاسایشی سیاسی دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە ( بۆنموونە دەستێوەردان و مەرجەکانی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)، سەروەری ئەو وڵاتەش بەهۆی کاریگەری لەسەر ئاسایشی سەربازی ئەو دەوڵەتە، دەخاتە مەترسییەوە. بەم پێیە ئاسایشی ئابووری پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی هاوڵاتیان هەیە و تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتێک پشت بە پیشەسازی و سەرچاوەکانی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە دەستەبەرکردنی خۆراکی دانیشتوانی نەبێت، ئەوە پێویستی بە دابینکردنی سەرچاوەی دەرەکییە. بەم پێیەش ئەگەر هەڕەشە لەم پێداویستیانە بکرێت، ئەوە ئابووری نیشتمانی ئەو دەوڵەتی بە ئاشکرا بە ئاسایشی کراوە. لەم روانگەیەوە هەڕەشە و مەترسییە ئابوورییەکان هەڕەشەی وجوودین (existential threat) بۆ سەر هاوڵاتیان و کۆمەڵگە و دەوڵەت و هەموو کەرت، بوار و رەهەند و پرسەکانی تری ئاسایشی دەخەنە مەترسییەوە ( Buzan& Wæver& de Wilde, 1998: 115). بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایش تەنها بە سەربازی نابینێت و بواری و رەهەند و پرسی تری ئاسایشی وەکو؛ ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵگەیی و ژینگەیی و سیاسی کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە. لە بەشی داهاتوودا هەوڵدەدەین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە پرسی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بە پێی ئەم قوتابخانەیە تاوتوێ بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین کە سەرەتا گرفت و کێشەکانی سەر سەرچاوەکانی دارایی و داهاتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئابووری کرێخۆر (Rent economy) و پشتبەستن بە ئابووری تاک بەرهەم بخەینەروو و پاشان شیکردنەوە بۆ هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان وەکوو؛ دابەزینی نرخی نەوت و گرفتەکانی ئەم کەرتە، دیاردەی گەندەڵی و بەتایبەتی سیاسەتی ئابووری-دارایی و بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەپێی روانگە و بنەماکانی تیۆریی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایشی ئابووری تاوتوێ بکەین و پاشان لێکەوتەکانی ئەم قەیران، کێشە و گرفتە ئابووریانە لەسەر هەژاری و بێکاری و کۆچ دەستنیشان بکەین و لەئەنجامیشدا کارلێکی ئاسایشی ئابووری لەگەڵ رەهەند و بوار و سێکتەرەکانی تری ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان شرۆڤە بکەین.

## ٢- ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی پشتبەستن بە ئابووری تاک بەرهەمی هەناردە کردنی نەوت و غاز: ئابووری کرێخۆر (Rent economy)

چەمکی ئابووری کرێخۆر یەکەم جار لەلایەن بیرمەندی ئێرانی "حسێن مەهداوی"( Hussein Mahdavi) لەساڵی ١٩٧٠ بەکارهێنرا.[1] پاشان لەلایەن "حازم بەبلاوی"(Hazem Beblawi) و "لوسیانی"(Giacomo Luciani) پەرەی پێدرا.[2] بە گشتی دەوڵەتی کرێخۆر بەو دەوڵەتانە دەوترێت کە خاوەنی نەوت یا گازی سروشتی، ئاڵتون و زیو و مس و پلاتینیۆم و... کانزا و سەرچاوەکانی دیکەی سروشتین. زۆربەی ئەو دەوڵەتانەش لە رێگەی کۆمپانیا بیانییەکانەوە ئەو سەرچاوە سروشتیانە دەردێنن و هەناردەی دەرەوەی دەکەن و لەسەر ئەو داهاتە دەژین. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێک ئامادە بێت خاکی خۆی بە کرێ بداتە وڵاتێکی تر و لەم رێگەیەوە داهات دەست بخات، ئەوە بەو وڵاتەش دەوترێت کرێخۆر.

---

1 - See: **Hussein Mahdavi**, “Patterns and Problems of Economic Development in Rentier States: the Case of Iran,” in Michael Cook, ed. Studies in the Economic History of the Middle East, (Osford: Oxford University Press, pp. 428-467.

2 - See: **Hazem Beblawi and Giacomo Luciani** (ed.): The rentier state. (Nation, State and Integration in the Arab world.) [xi], 240 pp. London: Croom Helm [and] the Istituto Affari Internazionali, 1987.

لە ئێستادا عێراق و هەرێمی کوردستانیش چونکە بودجەکەیان پشت بە قازانج و داهاتی هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی دەبەستن ئابوورییەکەیان بە ئابووری کرێخۆر دەناسرێت.[1]
سەبارەت بە هەرێمی کوردستان سێ سەرچاوەی سەرەکی و فەرمی هەیە کە هەریەکەیان داتایەکی جیاواز لەسەر یەدەگی نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو، ئەوانیش وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم و، ئاژانسی وزەی جیهانی (IEA) ، و دەستگای ڕووپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکی (USGS) ە. بەڵام بە گشتی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بڕی 45 ملیار بەرمیل نەوت دەخەملێندرێت. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٩ کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. لەم ڕێژەیە ١٥٠هەزار بەرمیل لەلایەن کۆمپانیای خۆماڵی (کار گروپ) و ئەویتریان لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە بەرهەم دەهێندرێت. لەگەڵ هەبوونی 200 ترلیۆن پێ سێجا (5.7 ترلیۆن مەتر سێجا) لە گازی سروشتی زانراو کە هاوسنووری تەوەری وزەی ئۆراسیایە، هەرێمی کوردستان کەوتووەتە سەر چوارڕیانی وزە. لە بواری غازی سروشتیش هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن پێ سێجا بەرهەم دەهێندرێت بۆ ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پێدوایستییە ناوخۆییەکان. لەهەمان کاتیشدا ئەم سامان و دەرفەتە بە هۆی تاکسەرچاوەیی کۆمەڵێک هەڕەشەی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت دروست کردووە (بڕوانە: کەریم، ٢٠٢٠: ٥).

لەم چوارچێوەیەدا، ئابووریی هەرێم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، تاکسەرچاوەیی سیمایەکی سەرەکی بووە. جگە لەمانەش، لە ڕێگەی دەستی دووەوە ئابوورییەکی کرێخۆر (اقتصاد الريعي- Rent economy) بووە و هەموو نەخۆشییەکانی ئەو جۆرە ئابوورییە بە تەواوی تێیدا گەشە و نەشونمایان کردووە. بەم پێیەش لە ڕووی داراییشەوە زیاتر لە هەر ئابوورییەکی کرێخۆر لەژێر هەڕەشە و مەترسیدا بووە. ئەگەر دارایی وڵاتانی کرێخۆر لەژێر کاریگەریی گۆڕانی نرخ و ڕەوشی بازاڕی کەرەستە خاوە هەناردەکراوەکانیاندا بووبێت، ئەوا دارایی هەرێم سەرباری ئەوە هەمیشە لە

[1] - وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، إحصاءات التجارة الخارجية:
Available at: <http://cosit.gov.iq/documents/AAS2020/13.pdf>. Last visited: 13-9-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژێر کاریگەریی پەیوەندییە سیاسییەکانیشیدا بووە لەگەڵ بەغدا و، مەترسی بڕین و کەمکردنەوەی پشکی بودجەی هەرێم بەردەوام بووە. وڵاتانی دواکەوتوو و تاکسەرچاوە، بە تایبەتییش وڵاتانی کرێخۆر، لە نێویشیاندا عێراق و هەرێم، چەند خەسڵەتێك کۆیان دەکاتەوە وەك؛ پشتکردنە پەرەپێدانی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و سەرەنجام سست بوونی توانستی دەزگەی بەرهەمهێنان بۆ وەڵامدانەوەی خواستی ناوخۆیی و پشت بەستن بە هاوردەکردنی کاڵای بیانی، بێتوانایی سێکتەرە ئابوورییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لە وەخۆگرتنی قەبارەی گونجاوی هێزی کار، گەورە بوونی کەرتی گشتی لەسەر حسابی کەرتی تایبەت، کێشە و لاسەنگییەکانی بازاڕی کار، لاوازیی دامەزراوەی کارگێڕیی دەوڵەت لە ڕەخساندنی هەلومەرجی لەباری کێبرکێ و ڕاگرتنی سەقامگیریی دۆخی ئابووری، لاوازیی دامەزراوە دارایی و ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و هتد. هەموو ئەوانەیش بە هۆی پشت بەستنی تەواوەتی و درێژخایەنەوەیە بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو بووە. جارد دایموند (Jared Diamond) لە کتێبی: Guns, Germs, and Steel: "Societies The Fates of Human لێکدانەوەیەکی دروستی هەیە کە پێیوایە ئەو وڵاتانەی پشت بە فرۆشتنی سامانی سروشتی دەبەستن، نابنە خاوەنی گەشەی بەردەوام و دۆخی ئابووریی سەقامگیر، بەڵکو ئەوان یان لە جەژندان یان لە قەیران و برسییێتی و قاتوقڕی، چونکە سەرچاوەی داهاتەکەیان ناسەقامگیرە و هەمیشە لە ژێر هێژموونی کارتێکەرە دەرەکییەکان دایە (بڕوانە: گوڵپی، ٢٠١٨). چونکە نەوت و غاز بابەتێکە، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر ئەچێتە ناو چوارچێوەیەک کە پێی ئەوترێ (پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان- International Political Economy)، بەم واتایە کە ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بێت بۆ تاتوێ کردنی جۆر و ڕێبازی پەیوەندییەکان لەنێوان "فاعل-ئەکتەر" ە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەوە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە پەیوەندی نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانی دا (بڕوانە: جەعفەر، ٢٠١٨).

هەربۆیە تەنانەت پشت بەستن بە کەرتی نەوت وایکردووە کە هەر قەیرانێک، بۆ نموونە کۆرۆنا داهاتی هەرێمی کوردستان دابەزێنێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئابووری دروست بکات و تەنانەت حکومەت نەتوانێت مووچە دابین بکات. ئەمە دەریدەخات کە ئابووری پشت بەستوو بە کرێخۆری و بە تایبەتی فرۆشتنی نەوت بەرگەی هیچ

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەیرانێکی ناوخۆیی و دەرەکی ناگرێت و بەم پێیە ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆی سێکتەر و بوارەکانی تری ئاسایشی دادەنێت.[1] بۆ نموونە، بەپێی راپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت لە رۆژی (٢٨-٦-٢٠٢١) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 دا (١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی کانونی یەکەم ٢٠٢٠) بە رێژەی 158 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە و هەشت ملیۆن بەرمیلیشی داوەتە پاڵاوگەکان بۆ ئەوەی بیکەنە سووتەمەنی بۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان. هەروەها 98 هەزار بەرمیل نەوت کە بڕێکی کەمە فرۆشراوە بە پاڵاوگەکانی نەوت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان . حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی فرۆشتنی 158 ملیۆن بەرمیل نەوت داهاتی 4.45 ملیار دۆلاری بەدەستهێناوە. جگە لەو پارەیەش، 357 ملیۆن پارە لەسەر هەژماری کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵدا ماوەتەوە. هەروەها لە کۆی ساڵی 2020 بڕی 415 ملیۆن دۆلاریشی پارەی پێشەکی لە کڕیارانی نەوت وەک قەرز وەرگرتووە کە لە داهاتوودا بە پێدانی نەوتی خاو دەیگەڕێنێتەوە یان وەک قەرز مامەڵەی پێوە دەکات کە سوودی بانکی دەکەوێتە سەر.[2] بەم چەشنە لە ساڵی رابردوو کۆی داهاتی فرۆشتنی نەوت و پارەی پێشەکی وەرگیراو و پارەی ماوە لە حیسابی بانکی هەرێمی کوردستان بەپێی راپۆرتەکەی دیلۆیت دەکاتە

1 - بۆ نموونە ساڵی (2015) وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێم " د.ئاشتی هەورامی" لە (20ی نۆڤەمبەری 2015) لەمیانەی لوتکەی ئابوری و ووزەی ئەنجومەنی ئەتلەنتیکدا لە ئیستانبوڵ وتویەتی: " ئێمە تووشی کورتهێنانێکی گەورەی دارایی بوینەتەوە، بەهۆی ئەوەی تەوەقوعاتەکانمان هەڵە بوون، لە نیوەی یەکەمی (2015) ەدا ئێمە بەنیازی (7) ملیار دۆلار بوین، کەچی تەنها (2) ملیار دۆلارمان بەدەستهێناوە، بۆیە ناتوانین مانگانە (1.4) ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتگوزارییە گشتیەکان دابین بکەین". هەروەها لەمیانەی سەردانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ واشنتگتۆن " قوباد تاڵەبانی" بۆ پرسی ئاسایش و کۆمەکی دارایی لە (14 ی ئەپریلی 2016) وتویەتی: " ئێمە مانگانە 400 ملیۆن دۆلار کورتهێنان مان هەیە لە سێکتەری نەوت دا". بڕوانە: بەهرۆز جەعفەر(٢٠١٨)، یەدەگی نەوت و غازی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە، پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی: ١٣-٦-٢٠١٨.

**See: Roberts, John (2016). Iraqi Kurdistan Oil and Gas outlook, Atlantic Council, Global Energy center. P. 3.** Available at: <**https**://www.atlanticcouncil.org/in-depth-research-reports/report/iraqi-kurdistan-oil-and-gas-outlook/>. LAst visited: 3-7-2021.

2 - راپۆرتەکەی کۆمپانیای دیلۆیت خەرجییەکانی پەیوەست بە نەوتی کوردستان ئاشکرا دەکات کە بریتین لە:70 ملیۆن دۆلار سوودی بانکی، هەروەها 1.76 ملیار دۆلار حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت و 950 ملیۆن دۆلار خەرجی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بۆریی کوردستان و لە رێگەی بۆریی تورکیا - جەیهان لەنێو خاکی تورکیا. خەرجییەکان هەروەها 60 ملیۆن دۆلار قەرزی کۆنی گواستنەوەی نەوتیش لەخۆ دەگرێت و بڕی 34 ملیۆن دۆلاریش دراوە بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وەزارەتی کارەبا و خەرجییە یاساییەکانی دیکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان. دوای کەمکردنی کۆی داهاتەکان لە کۆی خەرجییەکان، پوختەی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 دا یەکسان دەبێت بە 2.34 ملیار دۆلار. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رووداو دیجیتاڵ(٢٠٢١)، خەرجی و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی رابردوو، ٢٨-٦-٢٠٢١.

Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/business/28062021 7>. Last visited: 28-1-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5.22 ملیار دۆلار. (See: Review of the Kurdistan Regional Government of Iraq's oil production, export, consumption and revenue for the period 1 January 2020 to 31 March 2020).

ئەمەش نیشان دەدات کە پشت بەستن بە ئابووری رێنتی یاخود تاک بەرهەم لەسەر بنەمای فرۆشتنی نەوت چەندە لەرزۆکە و ئاسایشی ئابووری بەردەوام لەژێر هەڕەشە دایە. تەنانەت قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر هەموو کەرتەکانی تریش کردووە، بۆ نموونە؛ بە پێی راپۆرتی نێوەندە نێودەوڵەتییەکان کە ئۆفیسی هاریکاریی پەنابەرانی ئەوروپا پشتی پێبەستووە[1]، لە بواری پەروەردە کێشەی هەرێمی کوردستان، کەم بوونەوەی بودجەی تایبەتە بۆ پەروەردە. بودجەی تایبەت بۆ پەروەردە لە هەولێر لە چاو ساڵی 2013 زۆر کەمی کردووە و کەمبوونەوەکەش بە 45% مەزەندە دەکرێت. ئەوە لەکاتێکدا لە رووی خوێنەوارییەوە ئاستێکی باشی تۆمارکردووە و بە پێی راپرسی رێکخراوی کۆچی جیهانی 80%ی خەڵک لە هەولێر خوێندەوارن، بەڵام یەکێک لە کێشە گەورەکانی هەولێر لە رووی پەروردەوە، خراپی و کۆنی قوتابخانەکانە کە 50%ی هەموو قوتابخانەکانی هەولێر پێویستییان بە نۆژەن کردنەوەیە (بڕوانە: عومەر، ٢٠٢٠)، بەڵام قەیرانی دارایی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە دابەزینی نرخی نەوت و ناکۆکی سیاسی لەگەل حکومەتی فیدراڵی و بەم پێیە بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، هەموویان لێکەوتی ئابووری تاک بەرهەمی پشت بەستوو بە نەوتەوە هەیە وایکردووە حکومەت نەتوانێت تەنانەت مووچەی کارمەندانیشی دابین بکات.

لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەیەکی دیکەی سەر ئاسایشی ئابووریی پشت بەشتوو بە تاک بەرهەمی نەوت ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ناچارە پابەندی ئۆپیک بێت بۆ کەم کردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنان و هەناردەکردن. لێرەوە دەتوانین شەش کێشەی سەرەکی لە بەردەم پیشەسازیی نەوتیی

---

1- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

See: **European Asylum Support Office** (EASO) publishes a COI report on Iraq: Key socio-economic indicators for Baghdad, Basra and Erbil. September 2020. Available at: <https://www.easo.europa.eu/news-events/easo-publishes-coi-report-iraq-key-socio-economic-indicators-baghdad-basra-and-erbil>. Last visited: 13-9-2021.

هەرێمی کوردستاندان دەستنیشان بکەین، هەر ئەو فاکتەرانەش مەترسیین لەبەردەم یەدەگ و سەرچاوەی سروشتیدا و بەم پێیەش ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان (بڕوانە: جەعفەر، ٢٠٢١):

١- **گرفتەکانی بەردەم زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان:** بۆ نموونە کێڵگەی تەق تەق لە ساڵی (٢٠٠٦) ەوە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە. لە ساڵی (٢٠١٥) ەدا بە نزیکەیی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا بەرهەم هێناوە. بەڵام بە تێکرا لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ئاستەکەی دابەزیوە بۆ (٩٦٧٠) نۆ هەزارو شەش سەت و حەفتا بەرمیلی لە ڕۆژێکدا بەرهەم هێناوە، ئەمە جگە لە بە هەڵواسراوی مانەوەی هەندێ ئەکتیڤیتی وەک هەڵکەندن Drilling- لەو ماوەیەدا. لە چارەکی چوارەمی (٢٠٢٠) دا تێکڕای بەرهەم هێنانی ڕۆژانە کەمی کردووە تا ئەوەی گەیشتوەتە (٧٦١٠) حەوت هەزارو شەش سەت و دە بەرمیل.

**٢-کەموکورتی و گرفتە جیۆلۆجییەکان:** لەسەرەتاوە کۆمپانیا نیودەوڵەتییەکان وەها بۆی ئەچوون کە گەڕان و پشکنین- Exploration زۆری پێ ناچێ و تێ ناچێت، جگە لەوەش داتای گەورەو هەڵەیان لەبواری یەدەگ دا پێوترابوو، کە هاتن لە هەندێ کێڵگە بەو جۆرە نەبوو، وەک لە کێڵگەکانی کێوەچرمەڵەو بەردەڕەش و تازەو ...تادواییدا کۆمپانیاکان پارەیەکی زۆریان خەرج کرد، دواتر وازیان لە کارەکە هێنا. جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە کێڵگەکان، بە تایبەت کێڵگە سەرەکییەکان ئەکەونە ناوچە شاخاوییەکانەوە زیاتر لە (٢٠٠٠) مەتری پێویستە تا بگاتە دەرهێنان، یان هەندێ جار خەزانەکان تووشی خراپبون بونەتەوە وایکردوە نا - ئارامییەک دروست بێت لە کێڵگەکەدا و کۆمپانیاکە یەدەگ و خەزانەکەشی لەدەستداوە، وەکو لە ئاکری، بیجل و بەردەڕەش و هەندێ شوێنی تر.

**٣-مەترسی ئاسایشییەکان**: لەدوای ڕیفراندۆم / یان (١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) ەوە هەرێمی کوردستان (٣٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی لەدەستدا. دوای ئەم لەدەست دانەش، هێشتا بەشێکی گرنگی ئەو کێڵگانەی هەرێم گرێبەستی لەسەر کردوون و، کۆمپانیاکان وەبەرهێنانی تیائەکەن بۆ هەرێمی کوردستان ئەکەونە ناو جوگرافیای ناوچە دابڕاوەکانەوە. بۆ نمونە کێڵگەی خورمەڵە یەکێکە لە (٥) کێڵگە سەرەکییەکەی نەوت لە هەرێم بەڵام لای بەریتانیاو تورکیاو لە نەخشەشدا ئەکەوێتە ناو سنوری جوگرافیای کیلگەی کەرکوکەوە. هەروەها سەرەکیترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی گاز "کۆرمۆر- Kor Mor ە لە سنوری ناحیەی قادرکەرەمی کۆن، تەنها (٢٠ ) خولەک لە دووز خورماتووەوە دوورە. ئێستا ناحیەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای چەمچەماڵە، بەڵام پێشوتر ڕژێمی بەعسی تیابوو، حکومەتی بەعس خستبویە سەر قەزای دووزو و دووزیشی خستبووە سەر پارێزگای سەلاحەدین. بە هەمان شێوە کێڵگەی پەڵکانە یان گەرمیان لە هەر ئاڵۆگۆڕ و جموجوڵێکی ئێران یان میلیشیاکاندا بە ئاسانی ئەکەونە بەردەم مەترسی لەناوچوون.

**٤-کێشە لە جۆرێتی نەوتی خام و هەروەها نا-چونییەکی نەوت**: لە زۆر شوێندا نەوت و غازو کۆندینسەیت هەیە، یان نەوتی قورسە...و...ئیتر بەو شێوەیە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان دروست ئەکات.

**٥- نەبوونی دڵنیایی و متمانە بۆ نرخی نەوت**: لەبازاڕی ئابورییدا هەمیشە هەڵگەرانەوە لە نرخ دا ئەگەرێکی کراوەیە. لە پڕ لە دوای گرێبەستێک نرخی نەوت دائەبەزێت یان بە پێچەوانەوە... هتد. ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی بەرهەمەوە هەیە.

**٦- دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و یەدەگ بە هۆی کۆمپانیاکان و پێشبینی هەڵەوە**: لە دوای ساڵی (٢٠١٥) ەوە بەهۆی دابەزینی نرخ و پێشبینی هەڵەو شەڕی داعش ...و ... تا دواییەوە، چەندین کۆمپانیا یان کێڵگەکان و کوردستانیان بەجێهیشت، وە یان دابەزینی ئاست و توانای کێڵگەکان و داخورمانی بیرەکانیان راگەیاندووە، یاخود بە هۆی بێ ئەزمونی کۆمپانیاکانەوە. بۆ نموونە بەشێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا (٢٠١١ بۆ ٢٠٢١) دەستیان لە کارکردن لە کێڵگەکان هەڵگرتووە بە هۆکاری جۆراوجۆر بریتین لە؛ ئەفرین پی ئێڵ سی (Afren PLC) کێڵگەی بەردەڕەشی جێهێشت. کۆمپانیای مۆڵ Mol PLC ، دەستی لە کێڵگەو بیرەکانی Akri -Bijeel و باکرمان هەڵگرتوە لە سەرەتای جانیوەری (٢٠١٦) دا. کۆمپانیای ئۆیەل سێرچ (Oil Search Ltd) کێڵگەی تازەی بەجێهێشتوە. کۆمپانیای شاماران لەساڵی (٢٠١٢) خۆی کۆتایی بە گرێبەستەکەی هێنا لە بلۆکی پوڵکانەو عەربەت، لە بری ئەوە بە پێی گرێبەستەکە (PSC) بڕی (٢٥) ملیۆن دۆلاری داوە بە حکومەتی هەرێم. دی ئێن ئۆی نەرویجی و گەنەڵ ئینێرجی کێڵگەی غازیی سومەیڵ تەنها لە دوای (٩٠) ڕۆژ لە کارکردن لە (٢٠١٤) بە جێ ئەهێڵن و لە (٢٠١٦) بۆی ئەگەڕێنەوە. گازپرۆمی رووسی لە سێپتەمبەری (٢٠١٧) دەستیان لە بلۆکی هەڵەبجە هەڵگرت. ئەکسۆن مۆبێل کێڵگەکانی قەرەهەنجیر و بێتواتەو ڕۆژهەڵاتی عەربەتی بەجێهێشت لە ساڵی (٢٠١٧) ەدا. ئۆرێکس پیترۆلیۆم Oryx Petroleum– کارەکانی لە کێڵگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەمیرداخ و زێی گەورە دا ڕاگرتووە. گۆڵف کیستۆن Gulf Keystone petroleum - لە شێخ عادی و بەر بەحر کارەکانی راگرتوە. گاز پڵەس –کەڵەکەنGas Plus Khalakan– لە کێڵگەی شیوەشان کارەکانی راگرتووە.[1]

بەم پێیە ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەرزۆک و لە دۆخێکی نائاسایشی دایە. لەم روانگەیەوە، کاتێک ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەموو بوار و کەرتەکانی تری پەروەردەیی و تەندروستی و...هتد، لەژێر هەڕەشە دایە، ئەمەش سەنتەربوونی ئاسایشی ئابووری و پێکەوە گرێدراوی و کارلێکی کەرت و سێکتەرەکانی ئاسایشی دەردەخات.

## ٣- پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

### ٣-١- پرسی بێکاری

یەکێک لە گرنگترین هەڕەشەکان بۆسەر ئاسایشی ئابووری کە لێکەوتەی نائاسایشی ئابوورییە، بریتییە لە بێکاری و هەژاری و پاشان بوونی گەندەڵی لە هەر ولاتێک کە کاریگەری لەسەر هەموو بوار و رەهەندەکانی تریش دەبێت. بۆ نموونە، لە ساڵی 2012 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی دامەزراوەی رەندی ئەمەریکی رووپێوێکی کرد، لەو ساڵەدا رێژەی 38.4%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە تەمەنیان لە 15 بۆ 64 ساڵ بووە، کاریان هەبووە، بەم پێیە تەنیا ٧.٩٪ کاریان نەبووە. بەڵام لە ساڵی 2013 رێژەی بێکاری بۆ 6.5% دابەزیوە و تەنیا ٨٧ هەزار کەس دەرفەتی کاریان دەستنەکەوتووە. کە ئەمەش نیشاندەرێکی باش بووە بۆ گەشەی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 2014 سەرەڕای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، زۆر کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری نەبووە، رێژەکە بۆ 6.53% بەرزبووەتەوە، بەڵام لە ساڵی 2015 بێکاری بە شێوەیێکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 13.53٪. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٦ دا هیچ رووپێوییێک نەکراوە، بەڵام لە ساڵی 2017 دەستەی ئامار بە هاوکاریی رێکخراوی

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەعفەر، بەهرۆز(٢٠٢١)، پرۆسە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان: ئاستەنگەکان، لێکەوتەکان، ڕاسپاردەکان، پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی.
Available at: < https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=209>. Last visited: 27-6-2021.

نێودەوڵەتیی کۆچ(IOM)[1] و لە ڕێگەی ڕووپێوێک قەبارەی هێزی کار و ڕێژەی بێکاری دەستکەوتووە. ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکان بەم شێوەیە بووە: هەولێر 9.2٪، سلێمانی 9.4% و دهۆك 13.8٪.(بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧). پاشان بە پێی ڕووپێوییەکان، نەمانی شەڕی داعش و ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەران و نەمانی پاشەکەوتی مووچە، کاریگەری زۆریان لەسەر بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەبوو، بەو هۆیەوە ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2017 بۆ 10.1% و لە ساڵی 2018 بۆ 9٪ دابەزی (بڕوانە: سیروان محەممەد، ٢٠٢٠ ). هەروەها ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕووپێویی ساڵی 2018، کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە شەش ملیۆن و 33 هەزار کەس دیاریکراوە گەیشتە 9%. ئەم ڕێژەیەش دەیکردە 278 هەزار کەسی بێکار لە هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە هەژارییەوە، هەر بەپێی دوایین ڕووپێوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 سیروان محەممەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ڕێژەی هەژارییان دەرهێناوە بە ستانداردی بانکی نێودەوڵەتی کە لە 5.45% بووە (بڕوانە: سیروان محەممەد، ٢٠٢٠ ).

وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتووانی بۆ ساڵی 2020 بەمشێوەیە خەمڵاندووە: ژمارەی نێرینە لە هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن و 98 هەزار و 801 کەسە و مێینەش سێ ملیۆن و 72 هەزار و 282 کەس. ئەوانەی لە شارەکاندا دەژین ژمارەیان پێنج ملیۆن و 22 هەزار و 603 کەسە و گوندنشینەکانیش ملیۆنێک و 148 هەزار و 480 کەس، ڕێژەی گەشەی دانیشتووانیش بە 2.2% دانراوە. هەروەها ژمارەی خەملێندراوی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش بەپێی پارێزگاکان بەمشێوەیە: پارێزگای هەولێر: دوو ملیۆن و 254 هەزار و 422 کەس. پارێزگای سلێمانی: دوو ملیۆن و 152 هەزار و 717 کەس. پارێزگای دهۆک: ملیۆنێک و 648 هەزار و 611 کەس. پارێزگای هەڵەبجە: 115 هەزار و 333 کەس. ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 بەمشێوە دیاریکراوە: دهۆک: 8.6٪. هەولێر: 6.7٪. سلێمانی:

1 - International Organization for Migration

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4.46٪. ئەوەش بە هەمان شێوە لە کۆی ژمارەی دانیشتووان، واتە لە شەش ملیۆن و 33 هەزار کەس. ئەمەش بەبەراورد لەگەل ناوچەکانی تری عێراق رێژەیەکی نزمترە[1].

هەرچەندە لەنێوان ئامارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق سەبارەت بە رێژەی بێکاری جیاوازی هەیە[2]، هەر بۆیە لە ڕوونکردنەوەیەکەدا دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ئەو ئامارەی لەچەند وێبسایت و پەیجێك بڵاوکراونەتەوە لەبارەی ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق سەرچاوەکەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقە و تێکەڵاوی بەئامارەکەوە دیار بووە. بەپێێ رونکردنەوەکە پێناسەی هەژاری کراوە کە بریتییە لە هەژمارکردنی هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان پشت بەستراوە بە خەرجی خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکان و خواردنەوە لەگەڵ پێداویستییە ناخۆراکییەکان وەك بەشێك لە پێداویستی سەرەکی و سەرەتایی بۆ بەردەوامبوون لە ژیان بۆ هەر یەك لە ئەندامانی خێزان. هێلی هەژاری لە ساڵی 2007 (77500) دیناری عیراقی بوو و لەساڵی 2012 بە (105500) دیناری عیراقی هەژمارکراوە، بەڵام بۆ ساڵی 2018 بەپێی نیشاندەرەکانی ڕێژەی هەڵاوسان و ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق هێڵی هەژاری بە 110880 دیناری عیراقی خەمڵێنرا وەك کەمترین خەرجی تاك لە مانگێکدا. بەپێی خشتەی دەستەی ئامار لە ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی هەژاری لە هەرێم ٥.٥٪ بووە، لە عیراق 20%، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش لە دهۆك زۆرترین ڕێژە هەبووە کە 8.6٪ بووە، لە هەولێر 6.7% بووە و سلێمانیش کەمترین ڕێژەی بێکاری تێدا تۆمارکراوە 4.5% بووە، بەپێچەوانەوە ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2014دا لە دهۆك ١٢.٤٪ بووە لە هەولێر لە 1.5% بووە، سلێمانیش 1.2% بووە، لەسەر ئاستی هەرێم ڕێژەی بێکاری لە 12.5% بووە، لە عیراقیش لە هەمان ساڵ 22.5% بووە. (بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێم لەبارەی ڕێژەی بێکاری ڕوونکردنەوە دەدات، ٢٠٢٠).

---

1 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پێوەرەکان.
Available at: <http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=893&l=3&#krso2>.Last visited: 1-2-2021.

2 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، مؤشرات التشغيل والبطالة:
Available at: <http://cosit.gov.iq/ar/2013-01-31-08-48-55>. Last visited: 13-9-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-٣- هەژاری و ئاسایشی ئابووری

لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسە ئابوورییەکان و ئاسایشی ئابووری فرە رەهەندن، بەم واتایە کە بێکاری و هەژاری لە پاڵ توانای کڕین و تەنانەت نرخی شتومەک لە بازاردا نیشاندەری ئاست و رێژەی ئاسایشی ئابووری هەر وڵاتێکن. بۆیە کاتێک هەڵاوسان بە پێچوانەی داهاتی تاکەکان بێت و نرخی شتومەک بەرز بێتەوە ئەوە پێوەری هەژاریش گۆڕانی بەسەدا دێت. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان بە پێی دوایین راپۆرتی ئۆفیسی هاوکاریی پەنابەرێتی ئەورووپی (EASO)[1]، بە پێی داتای پرۆگرامی جیهانیی خۆراک، رێژەی بێکاری لە هەولێر لە ساڵی 2016 دا لە نێوان 11٪ بۆ 15% بووە، بەڵام لە 2017 دابەزیوە لە ٨ ٪ بۆ 10%. لە نێوان گەنجانی تەمەنی 15 بۆ 24 ساڵیش، رێژەی بێکاری دەگاتە 13٪ . بە پێی راپۆرتەکە لە هەرێمی کوردستان رێژەی هەژاری 12.5%ـە. بە گوێرەی داتای 2019ـی توێژینەوەکانی ئۆکسفۆرد بۆ هەژاری و گەشەی مرۆیی، رێژەی هەژاری توند لە هەولێر صفر بووە، هەروەها رێژەی هەژاری بە گشتی 5.32% بووە. هاوکات ئامارێکی دیکەی بانکی جیهانی کە لە 2015 بڵاو کراوەتەوە لە پارێزگای هەولێردا رێژەی هەژاری 4.1% بووە. بە پێی توێژینەوەیەکی رێکخراوی کۆچی جیهانی بە پشت بەستن بە راپرسییەکی مەیدانی لە نێو هەولێر و دەورووبەری بژێوی خەڵکی هەولێر بەم جۆرە بووە: ٢٩٪ داهاتیان لە نێوان 500 هەزار تا وەکو 750 هەزار دیناری عێراقی بووە. ٢٥.٩٪ داهاتیان لە نێوان 250 هەزار تا وەکو 500 هەزار دیناری عێراقی بووە. ٢١٪ داهاتایان لە نێوان 750 هەزار تاوەکو ملیۆنێک دیناری عێراقی بووە و ٨٪ داهاتیان لە خوار 250 هەزار دیناری عێراقی بووە (بڕوانە: عومەر، ٢٠٢٠). هەر بە پێی دوایین راپۆرتی ئۆفیسی هاوکاریی پەنابەرێتی ئەورووپی (EASO)، سەبارەت بە ئاسایشی خۆراک، راپۆرتەکە کە لە پرۆگرامی جیهانی خۆراکی وەرگرتووە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە پارێزگای هەولێر نوێنەرایەتی دەکات لە راپۆرتەکە، یەکێک لە کێشەکان بەرزبوونەوەی نرخە؛ بە پێی چاودێریی بازاڕەکانی هەولێر لەلایەن

---

1 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

European Asylum Support Office (EASO) publishes a COI report on Iraq: Key socio-economic indicators for Baghdad, Basra and Erbil. September 2020. Available at: <https://www.easo.europa.eu/news-events/easo-publishes-coi-report-iraq-key-socio-economic-indicators-baghdad-basra-and-erbil>. Last visited: 13-9-2021.

پرۆگرامی جیهانی خۆراکەوە، لە هەولێر مانگ بە مانگ نرخ دەگۆڕێت و لە بەرز بوونەوە دایە و بۆ نموونە؛ کێشەی ئاسایشی خۆراک ١٪ تا وەکو 4% دەبێت و ئاوی خواردنەوە لە ئاستێکی باش دایە و بەم پێیەش 89.7٪ ئاوی سازگاریان پێ دەگات و تەنها 8.9٪ پشت بە ئاوی بیر دەبەستن.[1] ئەم ئامار و رووپێو و زانیارییە ناوخۆیی و بیانیانە ئەوە دەردەخەن کە کاتێک قەیرانی ئابووری بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و هەروەها بڕینی بودجە لەلایەن عێراقەوە و تەنانەت جەنگی دژی داعش دروست بووە، ئەوە ئاسایشی ئابووری کوردستان بە هۆی بەرز بوونەوەی بێکاری و هەژاری کەوتۆتە مەترسییەوە. لەم روانگەیشەوە دەردەکەوێت کە سێکتەر و بوارەکانی تری ئاسایشی وەکو سەربازی و سیاسی کاریگەری قووڵیان لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان هەیە و ئاسایشی ئابووریش شوێندانەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و تەنانەت ژینگەیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

### ٣-٣- ئاسایشی ئابووری و کۆچی گەنجان

بۆ نموونە، هەرچەندە چەندین هۆکار بۆ کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بە پێی رووپێوی گەنجان و لاوان لە ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان (بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، راپۆرتی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی 2019)، بە پێی نیشاندەرەکان ئەو گەنجانەی لە ٢٠٠٩ ئارەزووی کۆچکردنیان هەبووە زیاتر لە ٤٠٪ بووە، بەڵام لە ٢٠١٩ دابەزیوە و بووەتە لە ٣٠،٤٪. بەڵام بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و هەژاری و بە گشتی قەیرانی دارایی بۆتە هۆی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان. تەنانەت بارودۆخی ناجێگیری سیاسیی، قەیرانی حکومڕانی، نەبوونی هەلی کار بۆ گەنجان، دەتوانێت هۆکاری کۆچکردنی هاوڵاتییان بێت، ئەمەش وایکرد کە داوای دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی بۆ ئەم مەبەستە بکرێت (بڕوانە: بابان، ٢٠٢٠). بە گوێرەی ئامارێکی دەزگای لووتکە بۆ ئاوارە و پەنابەران (بڕوانە:

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، راپۆرتی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی 2019.
Available at: <http://www.krso.net/files/articles/100121090153.pdf >. Last visited: 31-1-2021.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەزگای لوتکە، ٢٠٢٠)، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ٥٦٢ هەزار و ٢٩٣ هاووڵاتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا کۆچیان کردووە. لەو ماوەیەدا ٤١٦ حالەتی گیان لە دەستدان و بێسەروشوێن بوون لەناو کۆچبەران تۆمار کراوە، بە شێوەیەک تەرمی ٢٤٥ کۆچبەر گەیەنراوەتەوە هەرێمی کوردستان و ١٧١ کۆچبەری دیکەش بێسەروشوێنن. بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و ئەو ڕێکارانەی حکومەت و دەوڵەتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتایەکە لەبەریانگرت، بە تایبەت داخستنی فڕۆکەخانە و سنوورەکان، هۆکاربوو لەوەی لە مانگی ئازار تا تەمووزی ٢٠٢٠ ژمارەی کۆچ بەرەو داکشان بچێت، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی سنوور و فڕۆکەخانەکان جارێکی دیکە شەپۆلی کۆچ بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەستیپێکردووەتەوە، کە بە پێی ئامارەکانی دەزگای لووتکە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ تاوەکوو تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، زیاتر لە ٢٢ هەزار کەس بەرەو ئەوروپا کۆچیان کردووە، کە ٢٧ لە کۆچبەرەکان گیانیان لەدەستداوە و تەرمی ١٢ لە قوربانییەکان گەیشتووەتەوە هەرێمی کوردستان و ١٥یشیان بێسەروشوێنن (بڕوانە: ڕێگای کوردستان-ڕێبین، ٢٠٢٠). لێرەوە ڕوانگەی باری بۆزان دەسەلمێندرێت چونکە دەردەکەوێت کە بارودۆخی ئابووری و بەم پێیەش ئاسایشی ئابووری کاریگەری لەسەر ئاسایشی تاک و ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان هەیە.

### ٣-٤- پرسی گەندەڵی و ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان

ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نۆی مانگی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ناساندووە و ساڵانە لەم ڕۆژەدا لە سەرتاسەری جیهان ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوەدەچێت. لە پێشەکی ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا هاتووە کە گەندەڵی ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگەکان دەخاتە مەترسییەوە و دامودەزگا دیموکراسییەکان بنکۆڵ دەکات و بەها ئەخلاقی و دادپەروەری هەڵدەتەکێنێت و سەروەریی یاسا و گەشەکردنی بەردەوام دەخاتە ژێر مەترسییەکی جیددییەوە. جێگەی ئاماژەیە کە بەپێی دوایین ئیندێکسی ڕێکخراوەی شەفافییەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێودەوڵەتی(Transparency International) بۆ ساڵی ٢٠٢٠ عێراق(بە هەرێمی کوردستانیشەوە) لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا لە ریزبەندی ١٦٠مین وڵات دایە.[1]

لەم چوارچێوەیەدا، بوونی گەندەڵی یەکێکی تر لە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ئابووری و تەنانەت سیاسی هەرێمی کوردستانە. لەلایەک هەژاری گەندەڵی بەرز دەکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە گەندەڵی یەکێک لە هۆکارەکانی هەژاریە. لە هەرێمی کوردستانیش ئەم دیاردەیە بوونی هەیە و کارگەری قووڵی لەسەر ئاسایشی ئابووری هەیە. بۆ نموونە، "مشیر رەشید ئیبراهیم" بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گووتی لە ساڵی ٢٠١٩دا، کەیسەکانی گەندەڵی لە دادگاکاندا هی ساڵانی رابردوو، ٥٥ دۆسیە و ئەمساڵ ٧٥ دۆسیەبوون کە بە گشتی ١٣٠ دۆسیە بووە و لەو ژمارەیەش ٤١یان دەستگیرکراون و ٣٤یان ئازادکراون (بڕوانە: ئیبراهیم، ٢٠١٩). بە بۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد ئەنوەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩ ) لە بارەی ئامارەکانی دۆسییەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان گووتیو لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٩، هەزار و ٢٧ دۆسیەی گەندەڵی تۆمارکراون کە تیایاندا ٣٠٤ دۆسیە لە ژێر لێکۆڵینەوە دایە، ٢٩٩ دۆسیە داخراوە، ١٠٣ دۆسیە رەوانەکراوە بە پێی تایبەتمەندی جۆر و شوێن، ٢٨١ دۆسیەش رەوانەی دادگای تایبەتمەند کراوە. هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە بارەی بڕی پارەی خەملێنراوی گەڕاوە لە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان رایگەیاند کە گەندەڵی خەملێندراو ٤٢٣ ملیار و ٢٩٠ ملیۆن دینارە، بڕی پارەی دەستبەسەرداگیراو دوو ملیار و ٧٧٠ ملیۆن دینارە، بڕی پارەی گەڕێندراوەیش بریتییە لە ١٧ ملیار و ٧٩٠ ملیۆن دینار (بڕوانە: ئەنوەر، ٢٠١٩). ئەم ئامارانەش مەترسیداری ئەم دیاردەیە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەردەخات. بەم پێیەش شوێندرانەری لەسەر بەرزکردنەوەی هەژاری و دروست بوونی جیاکاری و جیاوازی چینایەتی و بەرزبوونەوەی پێشێل کردنی یاسا و سەروەرنەبوونی یاسا و تەنانەت دابەزینی ئاستی متمانە و رەزایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. کۆی ئەمانەش هەڕەشەیەکی جدییە

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
**Transparency International**, CORRUPTION PERCEPTIONS INDEX, 2020. Available at: <https://www.transparency.org/en/cpi/2020/index/irq>. Last visited: 13-9-2021.

بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی ترەوە لەبارەی راپۆرتەکانی گەندەڵی یەکێک لە دۆسیە گەندەڵییەکان لە هەرێمی کوردستان دۆسیەی خاڵە سنوورییەکانە کە ئەمە بە تەنها مەترسییەکی ماددی نییە، بەڵکو مەترسی بۆسەر تەندروستی هاووڵاتییان هەیە و کاڵاکان بە بێ گومرک و پشکنین داخڵ دەکرێن.

سەبارەت بە پرسی گەندەڵی؛ "ئەحمەد ئەنوەر" سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، لە رێکەوتی (٢٠٢١/١/٥) بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند، کە پرۆسەی بایۆمەتری ئەنجامدرا، دەرکەوت خەڵکانێکی زۆر دوو مووچەیان هەیە و ئێستا لە یاسای چاکسازی ئەو هەنگاوە جێبەجێ دەکرێت و مووچەیان دەبڕێت. ناوبراو پێیوایە کە ئەوە هەنگاوێکی باشە لە ڕووی ئابوورییەوە و داهات بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە و پێویستە کار لەسەر پاککردنەوەی لیستی زیندانیانی سیاسی و شەهیدان و خانەنشینان، هەروەها کار لەسەر یەکخستنی خانەنشینی و دروست کردنی فایل بۆ خانەنشینان و یەکخستنی ژمێرارییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەش بکرێت (بڕوانە: ئەنوەر، ٢٠٢١). لێرەوە دەتوانین بڵێین کە گەندەڵی ئابووری و دارایی هەڕەشە لەهەموو بوار و رەهەند و سیکتەرەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات و وەکو پرسێکی ئاسایشی مەترسییە بۆسەر ئاسایشی ئابووری و پاشان بوارەکانی تری ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵگەیی و ژینگەیی و تەنانەت سەربازی. چونکە دابەزینی داهات و دروست بوونی هەژاری و بێکاری بە هۆی گەندەڵییەوە، سیستەمی بەرگری وڵاتیش لاواز و لەرزۆک دەکات و رەوایەتی سیستەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لە هەمان کاتیشدا بە هۆی لاوازی ئابووری ئاسایشی ژینگەیی و کۆمەڵگەییش دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە ئەم پرسە ئاسایشییە ئابوورییە تەنها لە بواری ئاسایشی ئابووری خوێندنەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو کۆی رەهەند و بوارەکانی تریش بەپێی روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەگرێتەوە و بەم پێیەش دەبێتە مەترسییەکی ئاسایشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤- سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری-دارایی لە هەرێمی کوردستان: پشت بەستن بە بودجەی عێراق و کاریگەریی سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق

### ٤-١- ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان و پشت بەستن بە بودجەی عێراق

خاڵێکی لاوازی تری ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە پشت بە بودجەی عێراق دەبەستێت کە لێرەوە لە دوو بواردا لەژێر هەڕەشەی ئاسایشیدایە، یەکەم ئابووری عێراق کە پشتی بەستووە بە فرۆشتنی نەوت و ئابوورییەکی کرێخۆرە و دووەم، پرسی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە سیاسی و بە-ئاسایشیکراوە و پەیوەستە بە ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییەوە. بۆ نموونە، لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجەی هەرێم و ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ڕەوشی هەرێمی کوردستان بە گشتی تووشی ناسەقامگیری بووە. لە دوای ئەوەش توانای دارایی حکومەتی هەرێم دابەزیوە بۆ ئاستێکی زۆر مەترسیدار و تەنانەت حکومەت ناچار بوو بڕیارێکی قورس بدات بۆ کەم کردنەوەی بودجەی بە کارهێنان بە ڕێژە ی (٧٠٪) و کەم کردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بە ڕێژەی (١٥٪ بۆ ٧٥٪) ئەم بڕیارەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە (عبدالرحمن و زێباری، ٢٠١٩: ١٤٩). لێرەوە دەردەکەوێت کە نائاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بەهۆی پشت بەستن بە فرۆشتنی نەوت و بودجەی عێراقەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانی هاوڵاتیان و هەموو کەرتەکانی پەیوەندیدار دادەنێت.

لەلایەکی تریشەوە، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەرێمی کوردستان، حکومەتی ناوەندی لە بودجەی گشتی فیدراڵی لە 2005 بۆ 2019 بڕی نەوەدوشەش ترلیۆن و سەد و نەوەد وشەش ملیار و پێنج سەدوسێ ملیۆن دینار(٩٦١٩٦٥٠٣ )ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە[1]. هەروەها کۆی ئەو داهاتەی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتوویەتەوە لە 2014ەوە بۆ 2019 گەیشتووەتە چل ملیارو حەوت سەد و

1- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، التحليل المالي:
Available at: <http://cosit.gov.iq/ar/national-accounts/financial-analysis>. Last visited: 14-9-2021.

سێ ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 47 ترلیۆن و 961 ملیۆن دینار ئەوە لە پای هەناردەکردنی 795046674 ملیۆن بەرمیل نەوت (بڕوانە: راپۆرتی فەرمانگەی توێژینەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ٢٠٢١). لەلایەکی تریشەوە، نا-ئاسایشی سەربازی و سیاسی نیوان عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بۆ نموونە پاش رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، ئەو کێڵگانەی کە هەرێم لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە دەستی داون بریتین لە: ا- بای حەسەن کە لەلایەن کۆمپانیای کارەوە بەرێوە دەبرا و رۆژانە ١٩٥ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. ب-ئاڤانا کە لەلایەن کۆمپانیای کارەوە بەرێوە دەبرا و رۆژانە ٨٠ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. ج- عەین زالە کە رۆژانە ٤ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. د- بەتما و سوفیە کە رۆژانە ٤ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. بەم پێیە لەم ناوچەیە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەرێمی کوردستان ٢٨٣ هەزار بەرمیلی رۆژانە نەوتی لە دەست داوە (بڕوانە: حەوێز، ٢٠١٨). بۆیە دەبینین هەر رووداو و ناکۆکییەکی سەربازی و سیاسی راستەوخۆ ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە. بەم پێیە لە هەرێمی کوردستانیش کارلێکی نێوان سێکتەر و بوارەکانی ئاسایشی وەکو سەربازی و ئابووری و کۆمەڵگەیی سیاسی بەروونی دەبیندرێت کە باری بۆزان جەختی لەسەر دەکاتەوە.

هەر لەم بارەیەوە، "رێکخراوی دۆر" بۆ زانیاری نەوتی کوردستان لە راپۆرتێکدا بە ناونیشانی "هەنارده و داهاتی نەوت لە بەردەم رۆشنایدا" سەبارەت بە زیانەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەڵێت: "هەرێمی کوردستان تا 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 زیاتر لە 300 هەزار بەرمیل نەوتی لە کێڵگەکانی کەرکووك بە تایبەت هەردوو کێڵگەی "هاڤانا و بای حەسەن"، هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی کردووە، بەڵام دوای رووداوەکانی ئەو بەرواره هەرێمی کوردستان زیاتر لە 500 بیرە نەوتی لەدەستدا کە 300 یان بەرهەمدار بوون لە چوارچێوەی کێڵگەکانی بای حەسەن و هاڤانا". هەروەها هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی پێنج مانگی ساڵی 2017 بەراورد بە پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٨، کەم بوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینووە، بە رادەیەك ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان لە 82 ملیۆن و 722هەزارو 121 بەرمیل لە ساڵی 2017ەوە بۆ 45 ملیۆن و 845 هەزارو

319 بەرمیل لە ساڵی 2018 دابەزیوە، واتە ئاستی کەم بوونەوەی هەناردەی نەوت بە رێژەی لەسەدا 44.58 بووە (بڕوانە: سەعید، ٢٠١٨).

لێرەوە دەردەکەوێت کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکانی سەر ئاسایشی ئابووری کوردستان و بۆ پەرەپێدانی ئابووری، کار لەسەر چەند تەوەرەیەك بکات، کە ئەوانیش بریتین لە فرەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات، کەم کردنەوەی لاسەنگییەکانی پەریکەری کۆبەرهەمی نیشتمانی، بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی سێکتەرە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، کەم کردنەوەی کورتهێنانی تەرازووی بازرگانی دەرەکی و پشت نەبەستنی تەواو بە هاوردە، چارەسەری کورتهێنانی بودجەی گشتی، کەم کردنەوەی رێژەی بێکاری، کەم کردنەوەی جیاوازی لە ئاستەکانی داهات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەست لە فرەچەشنەکردنی ئابووری و پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و، کەم کردنەوەی پشت بەستن بە داهاتی نەوت، هەرگیز بەو مانایە نایەت کە کەرتی نەوت و گازی هەرێم فەرامۆش بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەو کەرتە بە یەکێك لە کەرتە ستراتیژییەکان دەمێنێتەوە و، پێویستە زیاتر پەرەی پێ بدرێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە حکومەتی هەرێم، وەك زۆربەی وڵاتانی تری کرێخۆری نەوت، تەنیا سەرقاڵی فرۆشتنی نەوت و خەرج کردنی داهاتەکەی نەبێت لە بواری بەکاربردندا، بەڵکو لە پاڵ گرنگیدان بەو سێکتەرە، کار بۆ پەرەپێدانی سێکتەرەکانی تر بکات؛ هەم بۆ پەرەپێدانی سێکتەرەکانی تر سوود لە داهاتەکانی نەوت وەربگرێت و، هەمیش کار بۆ بنیاتنانی پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاوی بکرێت (بڕوانە: گوڵپی، ٢٠١٨).

**٤-٢- کاریگەریی سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کورستان**

یەکێک لە گرنگترین کێشە و بەم پێیە پرسەکانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بە هۆی پشت بەستن بە بودجە و مووچەی هەناردە کراوی حکومەتی فیدراڵی، سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق بووە لە هەمبەر هەرێمی کوردستان کە زۆرجار تێکەڵ بە ململانێی سیاسی کراوە و وەکو فاکتەرێکی گوشار بەکارهێنراوە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی بوار و سێکتەرەکانی تری ئاسایشی هەرێمی کوردستان داناوە. بۆ نموونە؛ لە پاش ساڵی ٢٠١٣ەوە حکومەتی فیدراڵی بە پاساوی رادەست نەکردنی داهاتی فرۆشتنی نەوت و داهاتە فیدرالییەکان پشکی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیان و دۆخی ئابووری کارمەندانی هەرێمی کوردستان کردووە.[1]

کێشەی هەرە گەورەی پەیوەندییە داراییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، بریتییە لە دابەش کردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سامان و داهاتەکان و پشکی بودجە. بۆ نموونە، بەپێی راپۆرتێك، کە کابینەی نۆیەم، لە رۆژی (2020/4/28) ئاراستەی حکومەتی عێراقی کردووە، لە دوای بڕیاری ئابووری سەربەخۆوە، واتە لە 2014ەوە تائێستا کە ماوەی (٦ساڵ) دەکات، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق بڕی (75 ترلیۆن و 541 ملیار و 843 ملیۆن) دینار بووە، بەڵام هەرێم لەو بڕە پارەیە تەنها (13 ترلیۆن و 370 ملیار و 533 ملیۆن) دیناری وەرگرتووە.(بڕوانە: رەفعەت و رەئوف، ٢٠٢٠). ئەمەش وایکردووە کە قەرزی کەڵەکەبووی سەر هەرێمی کوردستان 28 ملیار و 476 ملیۆن و 675 هەزار و 39 دۆلار بێت.[2] لەلایەکی ترەوە، ئەم قەیرانە

1 - ساڵی 2014 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (19 ترلیۆن و 999 ملیارو 616 ملیۆن) دینار بووە، لەم رێژەیە هەرێم تەنیا بڕی (2 ترلیۆن و 280 ملیار) دیناری وەرگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (17 ترلیۆن و 719 ملیارو 616 ملیۆن) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە. ساڵی 2015 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (14 ترلیۆن و 817 ملیار) دیناربووە، لەم رێژەیە هەرێم تەنیا بڕی (2 ترلیۆن و 476 ملیار) دیناری وەرگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (12 ترلیۆن و 341 ملیار) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە. ساڵی 2016 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (12 ترلیۆن و 570 ملیار) دیناربووە، لەم رێژەیە هەرێم هیچ بڕەپارەیەکی وەرنەگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (12 ترلیۆن و 570 ملیار) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە. ساڵی 2017 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (11 ترلیۆن و 605 ملیار) دیناربووە، لەم رێژەیە هەرێم هیچ بڕە پارەیەکی وەرنەگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (11 ترلیۆن و 605 ملیار) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە. ساڵی 2018 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (6ترلیۆن و 776 ملیار) دیناربووە، لەم رێژەیە هەرێم تەنیا بڕی (3 ترلیۆن و 175 ملیار) دیناری وەرگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (3 ترلیۆن و 591 ملیار) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە. ساڵی 2019 پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕی (9 ترلیۆن و 783 ملیار) دیناربووە، لەم رێژەیە هەرێم تەنیا بڕی (5 ترلیۆنو 439 ملیار) دیناری وەرگرتووە، واتە تەنیا لەو ساڵەدا هەرێم بڕی (4 ترلیۆنو 343 ملیار) دینار زیانی دارایی بەرکەوتووە.(بڕوانە: رەفعەت و رەئوف،٢٠٢٠). هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، التحليل المالي:

Available at: <http://cosit.gov.iq/ar/national-accounts/financial-analysis>. Last visited: 14-9-2021.

2 - بە گوێرەی راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، کە لە 2020/7/5 ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، کۆی قەرز و پابەندییە داراییەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ( 27 ملیار و 549 ملیۆن) دۆلار بووە، قەرز

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داراییە کاری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی بازرگانی و پەرەپێدان کردووە و پرۆسەی گەشەسەندن و پەرەپێدانی لە هەرێمی کوردستان رووبەرووی گرفت کردۆتەوە، کە ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر نزم بوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری و هەژاری و پاشان نزم بوونەوە و قەیران لە بواری پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان دادەنێت. هەر بۆیە قووڵایی و قورسی قەیرانی دارایی و کاریگەری لەسەر کەرتە بازرگانییەکان دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری پەیوەیستە بەو قەیرانە داراییەی بە هۆی بڕینی مووچە و بودجەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و دابەزینی نرخی نەوتەوە هاتۆتە ئاراوە و هەڕەشە لە کۆی سیکتەرەکانی تری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات.[1] لەلایەکی تریشەوە، دەردەویت کە ئابووری تاک سەرچاوە و پشت بەستوو بە فرۆشتنی نەوت و بوودجەی حکومەتی فیدراڵی، بە هۆی پەتای کۆرۆناوە تووشی قەیران بوویەوە و بەم پێیەش

---

و پابەندییەکانیش بە وردی روونکراوەتەوە، بەم شێوەیە: قەرزی دەرەکی: (4 ملیارو 288 ملیۆن) دۆلار، قەرزی ناوخۆیی: 2 ملیارو 267 ملیۆن) دۆلار، پابەندیە داراییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان: (3 ملیارو 281 ملیۆن) دۆلار، پابەندییە داراییەکانی وەزارەتی کارەبا: (3 ملیارو 882 ملیۆن) دۆلار، پابەندیە داراییەکانی وەزارەتەکانی تر: (948 ملیۆن) دۆلار، پاشەکەوت و شایستە داراییەکانی موچەخۆران: ( 8 ملیارو 966 ملیۆن) دۆلار، قەرزی بانکی بازرگانی عێراق و کوردستان (TBI) و 3 ) :(KIB ( ملیارو 914 ملیۆن) دۆلار. کۆی گشتی قەرزەکان: ( 27 ملیارو 549 ملیۆن) دۆلار.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: راپۆرتەکانی چاودێری دارایی بۆ ئەرکە تایبەتەکان لە ساڵی 2020، خشتەی قەرز و پابەندە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان). Available at: <http://bsa.krd/news.aspx?id=37&MapID=2>. Last visited: .306-2021 بەڵام سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە رێکەوتی 28ی حوزەیرانی 2021دا لە پەرلەمانی کورستاندا وتی قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم 31 ملیار دۆلاری تیپەڕاندووە، بەهۆی گۆڕانکاریی نرخی دۆلار و پاشەکەوتی موچە و قەرزی بانکی بازرگانی عێراقەوە. قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان تاوەکو تاوەکو 30-3-2021بەم شێوەیە: تا 31ی ئازاری 2021، قەرزەکان زیادبووە بۆ 31 ملیار دۆلار و 637 ملیۆن دۆلار کە دەکاتە 37 ترلیۆن و 394 ملیار دینار . هەروەها ڕوونیشیکردەوە، بڕی ئەو (31 ملیار دۆلار و 637 ملیۆن دۆلارە) پێکهاتووە لە: 12 ملیار دۆلار قەرزی پاشەکەوتی موچە، ٣ملیارو 966 ملیۆن دۆلار قەرزی بانکی (TPI) ، ٤ملیار و 288 ملیۆن دۆلار قەرزی دەرەکی، ٢ ملیارو 267 ملیۆن دۆلار قەرزی ناوخۆیی ، ٨ ملیار و 703 ملیۆن دۆلار پابەندییە داراییەکان. بڕوانە: هێمن بابان ڕەحیم، د. ئامانج رەحیم: قەرزداریی حکومەت گەیشتووەتە 31 ملیار و 637 ملیۆن دۆلار، ماڵپەری رووداو: ٢٩-06-2021.
Available at: < https://www.rudaw.net/sorani/business/280620218>. Last visited: 30-6-2021.

1 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، المجموعة الإحصائية السنوية للعراق لعام 2018 - 2019.
Available at: <http://cosit.gov.iq/ar/2018-2019>. Last visited: 13-9-2021.

نەخۆشییەکانیش دەتوانێت نا-ئاسایشی ئابووری بێنێتە ئاراوە.[1] ئەمەش جگە لە تێچووی مرۆیی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی مرۆیی و تەندروستی هەرێمی کوردستان لێکەوتەی کاریگەری لەسەر دابەزاندنی نرخی نەوتی هەناردەکراوی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بووە. هەرچەندە راستە لە هەموو جیهان ئەم پەتایە بڵاوبۆتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئابووری وڵاتان کردووە، بەڵام کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی تاک سەرچاوە وەکو عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر بەرزتر و قووڵتر بووە. بۆیە لێرەدا کارلێکی بوار و رەهەندەکانی ئاسایش لەسەر یەکتری دەبینن.

لەلایەکی تریشەوە، عێراق لەو وڵاتانەیە کە پەیرەوی لە نرخی جێگیری بانکی بۆ دراو دەکەن و بەو پێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق و خاوەن بانکی ناوەندی نییە و دەسەڵاتی نەختینە و دراو لە دەسەڵاتەکانی ناوەندە هەموو ئەو سیاسەتانە لە بواری نەختینە و بانکی و داراییانەی عێراق کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت. چونکە ئەو وڵاتانەی کە پەیرەوەی لە سیاسەتی نرخی جێگیری بانکی دەکەن زیاتر رووبەرووی شڵەژان و شۆکی دەرەکی دەبنەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر رێژەی قەرزی دەرەکی دەبێت و بەم پێیەش وڵات رووبەرووی لە دەستدانی یەدەگی دراوی بیانی، بۆ نموونە لەعێراق دۆلار بەرز دەبێتەوە و ئەمەش چەندین لێکەوتەی نەرێنی ئابووری و دارایی لێدەکەوێتەوە (عبدالرحمن و زێباری، ٢٠١٩: ١٤٣). لە عێراقیش کە رێژەی زیاتر لە 90%ی داهاتەکەی لە فرۆشتنی نەوتەوە بە دەست دێت، ئەم داهاتە بە دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراق، بە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە بەرامبەر دینار، حکومەت لە دابینکردنی خەرجییەکانیدا بڕێکی زیاتر لە داهاتی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام زیان بە چینی موچەخۆر و هەژاران گەیشتووە، چونکە بازرگانەکان نرخی کاڵاو پێداویستییەکان بەرز کردووتەوە، ئەمەش توانای کڕینی لای چینی موچەخۆرو هەژاران لاواز کردووە، ئەم دۆخەش رێژەی هەژاریی لە وڵات بەرز کردووتەوە.[2] بەم پێیە روانگەی باری بۆزان

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، الإحصاءات النفطية:
available at: <http://cosit.gov.iq/documents/AAS2020/18.pdf>. Last visited: 13-9-2021.

[2]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، احوال المعيشة والفقر:
Available at: <http://cosit.gov.iq/documents/AAS2020/15.pdf>. Last visited: 13-9-2021.
هەروەها بڕوانە: الادارة التنفيذية لاستراتيجية التخفيف من الفقر، تقارير الاستراتيجية: إستراتيجية التخفيف من الفقر في العراق، ٢٠١٨-٢٠٢٢:

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەســەلمێندرێت کە ئەو وڵاتانە کە بە هۆی لاوازی ئـابوورییەوە تووشــی قەرز وەرگرتن دەبنەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی تری سیاسی و ئابووری دەبنەوە و تەنانەت سەروەری سیاسییان دەکەویتە مەترسییەوە.

لێرەوە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەســەلمێندرێت کە لەلایەک نەبوونی ئاســایشــی ئابووری و بەرزبوونەوەی قەرزی دەرەکی وادەکان ســەروەری وڵات بکەوێتە مەترســییەوە و لەلایەکی تریشــەوە نا-ئاســایشــی ئابووری کاریگەری نەرێنی لەســەر ئاســایشــی کۆمەڵگەییش دروســت دەکات، بۆ نموونە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری دروستکردووە و ژمارەی لەدایك بوونیشی دابەزاندووە و بەم پێیەش ڕێژەی دانیشتووان دادەبەزێنێت، بۆ نموونە بە پێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروســتی هەرێمی کوردســتان لە ســاڵی 2013 کە پێش قەیرانی دارایی بوو ژمـارەی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردســـتـان 143 هەزارو 580 کەس بووە، واتە ئـاســـتی لە دایکبوون لە هەرێمی کوردســتان لەو ســاڵەدا لە نێوان 3٪ دابووە، بەڵام لە ســاڵی 2014 وە تا ســاڵی 2016 ئەو ڕێژەیە لە ٢.٦٪ بۆ 2٪ دابەزیوە، هەروەها بە پێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراقیش ڕێژەی لە دایکبوون لە ســـاڵی 2013 لەنێوان 3% بۆ 4% بووە، بەڵام لە ســـاڵی 2016 دا ڕێژەی لە دایکبوون لە نێوان ٤٪ بۆ لە5,20% بووە (بڕوانە: حەســـەن، ٢٠١٧).[1] ئەمەش جگە لە دروســـتبوونی مەترســی بۆســەر ئاســایشــی ئابووری کاریگەری لەســەر ئاســایشــی کۆمەڵگەیی و تەنانەت ســیاســی هەرێمی کوردستان دەبێت لە بەرامبەر عێراقدا کە بە خێرایی ڕێژەی دانیشتوانی بەرز دەبێتەوە.

بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی زانســـتی (بڕوانە: عبدالرحمن و زێباری، ٢٠١٩: ١٣٤) بە هۆی سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق لە هەمبەر هەرێمی کوردستان و بەم پێیە دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان

---

Available at: <https://mop.gov.iq/office_ministry/view/details?id=47&sub_content=146&id_sub_content=0&sub2content=nothing>. Last visited: 13-9-2021.

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وزارة التخطیط، الجهاز المرکزي للإحصاء، تقدیرات سکان العراق للفترة (2015-2030):

Available at: <http://cosit.gov.iq/ar/?option=com_content&view=article&layout=edit&id=174&jsn_setmobile=n>. Last visited: 13-9-2021.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست کردووە. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە ئەم سیاسەتەی عێراق و قەیرانی دارایی بۆتە زیاد کردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک؛ تاوان و توندوتیژی و لێکجیابوونەوە و لاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە بواری دەروونیش بۆتە هۆکاری دروستبوونی خەمۆکی و دلەراوکێ. هەروەها لە رووی سیاسییەوە ئەم قەیرانە بۆتە هۆکاری لاوازی ئینتیمای نیشتمانی و ناسەقامگیری سیاسی. لە بورای پەروەردییشـەوە بۆتە هۆی لاواز بوونی پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن و دابڕانی مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانە وە زانکۆکان. لە رووی ئابوورییشـەوە بۆتە هۆی زیادکردنی دیاردەی هەژاری و بێکاری و ...هتد. لە رووی تەندروستیشەوە بە هۆی کەمبوونەوەی بودجەی تەندروستی و کەم کردنەوەی دەرمان و پێداویستییە پزشکییەکان لە کەرتی تەندروستی گشتی، مەترسی لەسەر گیانی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت دروست کردووە. جگە لەمانەش، لە رووی ژینگەییشەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و قەیرانی ئابوورییەوە زیانی لە کەرتی ژینگە داوە و بەم پێیەش هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بۆیە، دەتوانین بڵێین پشت بەستن بە ئابووری تاک بەرهەم لەلایەک و سیاسەتی ئابووری و دارایی حکومەتی فیدراڵی لەلایەکی ترەوە، هەموو بوار و رەهەندەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵگەیی و ئابووری و ژینگەیی هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە. سەرەرای ئەمانەش پێدەچێت سیاسەتی ئابووری و دارایی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان مەبەستێکی سیاسی گەورەتری لەپشت بێت کە لاواز کردن و بچووک کردنەوەی هەرێمی کوردستان ئامانج و لێکەوتەی ئەم سیاسەتەی حکومەتی فیدراڵییە. بەم پێیە ئەم سیاسەتی عێراق لە گوشار و سزای ئابووری هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە هۆی گوشاری ناوخۆیی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی نارەزایەتی بەرفراوان لەپاڵ دژایەتی کردنی فرۆشتنی نەوت و گوشار بۆ رادەست کردنی دۆسییەی نەوت لە بەرامبەر پێدانی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان هەر لەم چوارچێوەیەدا دەخوێندرێتەوە. لەم روانگەیەوە، لاوازکردنی ئاسایشی ئابووری بە هۆی بڕینی بوودجە و سزای ئابووری دەتوانێت ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەوە. ئەمەش بە پێی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەتوانێت هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکات و مانەوەی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجام

١- لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پرسە ئاسایشییەکان وەکو سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابووری، سیاسی و ژینگەیی کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە. بۆنمونە کاتێک ئاسایشی ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە و رێژەی هەژاری و بێکاری بەرز دەبێتەوە و لە هەمان کاتیشدا کەرتی تەندروستی و پەروەردە و ژینگەش رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە.

٢- پرسە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشی ئابووری لەلایەک گرێدراوی ئابووری کرێخۆری پشت بەستوو بە فرۆشتنی نەوت و لەلایەکی تریشەوە بودجە و مووچەی حکومەتی فیدراڵییە. بەم واتایە کاتێک کە قەیرانێک روو دەدات و تەنانەت ناکۆکییەی سیاسی ئەوە کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئابووری و کۆی سێکتەر و پرسەکانی تری ئاسایشی دەبێت.

٣- لە نموونەی پرسەکانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستانیش ناکۆکی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران لەلایەک و دابەزینی نرخی نەوت و بوونی گەندەڵی لەلایەکی ترەوە، ئاسایشی ئابووری خستۆتە مەترسییەوە.

٤- کاتێک کە ئاسایشی ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە رێژەی هەژاری و بێکاری بەرز دەبێتەوە و بەم پێیە کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تری ئاسایشی کۆمەڵگەیی و سیاسی و سەربازی تەندروستی و...هتد، داناوە.

٥- تەنانەت نائاسایشی سەربازی لە نموونەی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کێشە بۆ ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان بە هۆی لە دەستدانی سەرچاوەی داهات لە فرۆشتنی نەوت دروست کردووە.

٦- بە پێی روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، کۆی ئەم هاوکێشانەش لە هەرێمی کوردستان وایکردووە کە کاتێک نا-ئاسایشی ئابووری دروست دەبێت و نادڵنیایی لە دابینکردنی بژێوی ژیان و مووچەی تاکەکان دێتە ئاراوە، ئەوە ئاسایشی مرۆییش دەکەوێتە مەترسییەوە کە بە واتای هەڕەشەیەکی وجوودی یاخود ژیانی هەژمار دەکرێت کە کرۆکی نا-ئاسایشییە.

٧- ئەگەری سەرکێشانی گوشاری ئابووری حکومەتی فیدراڵی بۆ نا-ئاسایشی سیاسی ئەگەرێکی کراوەیە، بەم واتایەکە بە هۆی سیاسەتی دارایی و ئابووری حکومەتی فیدراڵی لە هەمبەر هەرێمی کوردستان، جگە لە دروستبوونی نا-ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستانیش

بکەوێتە مەترسییەوە و هەڕەشەیەکی وجوودی بۆ کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست بێت، بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان خاوەن دەوڵەت نییە.

٨- تەنانەت رووداوەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی توندوتیژ لەلایەک بۆ هۆی لێکەوتەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بووە کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دروست کرد و لەلایەکی تریشەوە لێکەوتەی سیاسەتی گوشار و سزای حکومەتی فیدراڵی لە بڕینی بوودجەی هەریمی کوردستان بوو کە کاریگەری ئەم دوو فاکتەرەش بە هۆی دابەزینی توندی نرخی نەوتەوە توندتر بوو.

٩- لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، سەربەخۆ نەبوونی ئابووری جگە لە لێکەوتە ئابوورییەکانی وەکو هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی و..هتد، کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنیشی بۆسەر ئاسایشی سیاسی و سەربازی و ژینگەی و مرۆیی کۆمەڵگەیی دەبێت.

١٠- کۆی ئەم هاوکێشانەش، کارلێکی کەرتەکانی ئاسایش لەگەڵ یەکتری و گرنگی ئاسایشی ئابووری بەرجەستە دەکات. باشترین نموونەش گوشاری شەقام و رای گشتی و خۆپیشاندەران و تەنانەت لایەنە سیاسییەکان بوو بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی رازی بوون بە مەرجەکانی حکومەتی فیدراڵی و رادەستکردنەوەی دۆسێیەی نەوت بە حکومەتی فیدراڵی و وازهێنان لە ئابووری سەربەخۆ.

١١- ئەم نا-ئاسایشییە ئابووریانەی هەرێمی کوردستان لێکەوتەی پشت بەستن بە ئابووری تاک سەرچاوە و کرێخۆریی پشت بەستوو بە فرۆشتنی نەوتە لە هەریمی کوردستان.

١٢- تەنانەت دەتوانین گوشارەکانی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی تریش، بۆ پرسی نا-ناوەندییەتی کارگێڕی و دارایی لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە ئەمەش ئەگەری دروستبوونی مەترسی بۆسەر ئاسایشی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵگەیی و سەربازی هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە، بەو پێیەی حکومەتی هەریمی کوردستان لاواز و یەکانگیری و یەکپارچەیی دەخاتە مەترسییەوە کە بە لوتکەی نا-ئاسایشی دەزاندرێت.

١٣- لەم روانگەیەوە، قوتابخانەی کۆپنهاگن چوارچێوەیەکی تیۆری و چەمکی گونجاوی پێشـــکەش کردین بۆ خوێندنەوەی کارلێکی مەترســـی و هەڕەشـــە ئاســـایشـــییەکانی هەرێمی کوردســـتان لە چوارچێوەی پرسەکانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان:

A: Book

1- Barry Buzan, ‘Change and Insecurity: A Critique of Strategic Studies’, in Barry Buzan and R.J. Barry Jones (eds.), Change and the Study of International Relations: The Evaded Dimension (London: Pinter, 1981).

2- Barry Buzan, Ole Wver, Jaap de Wilde (1998), Security: A New Framework for Analysis. (Boulder and London: Lynne Reiner Publishers, 1998).

3- Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition (March 1, 2007).

4- Barry, Buzan, Charles Jones and Richard Little, The Logic of Anarchy: Neorealism to Structural Realism (New York: Columbia University Press, 1993).

5- Buzan, Barry & Ole Waever (2003) Regions and Powers: The Structure of International Security. Cambridge: Cambridge University Press.

6- Buzan, Barry (2004). From international to world society? English school theory and the social structure of globalization. Cambridge: Cambridge University Press.

7- R. McNamara (1968), The Essence of Security (London: Hodder and Stoughton, 1968).

**B: Essay Web**

8- Ali Diskaya (2013), Towards a Critical Securitization Theory: The Copenhagen and Aberystwyth Schools of Security Studies, E-International Relations. ISSN 2053-8626. Available at: <https://www.e-ir.info/pdf/32981>. Last visited: 20-1-2021.

9- Barry Buzan (1991), New Patterns of Global Security in the Twenty-First Century, International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-), Vol. 67, No. 3 (Jul., 1991), Published by: Oxford University Press.

10- Farhad Alaaldin, Kenneth M. Pollack(2020), Iraq’s Economic Collapse Could Be Biden’s First Foreign-Policy Headache, foreign policy: December 14, 2020. Available at:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

<https://foreignpolicy.com/2020/12/14/iraqs-economic-collapse-could-be-bidens-first-foreign-policy-headache/>. Last visited: 27-1-2021.

11- McSweeney, Bill (1996), "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School", Review of International Studies, Vol. 22, No. 1 (Jan., 1996).

12- Ole Wæver(2003). Securitization: Taking stock of a research program in security studies, Mimeo. Available at: <file:///C:/Users/kwestan/AppData/Local/Temp/Securitisation%20Taking%20stock%20of%20a%20research%20programme%20in%20Security%20Studies.pdf>. Last visited: 23-1-2021.

13- Review of the Kurdistan Regional Government of Iraq's oil production (2020), export, consumption and revenue for the period 1 January 2020 to 31 March 2020. Available at: <https://www.rudaw.net/Library/Files/Uploaded%20Files/diloit%202020/Consolidated%20RCOG%20Q1%202020.pdf >. Last visited: 1-2-2021.

**ئینتەرنێت و ماڵپەرەکان:**

14_ ئەنوەر کەریم (٢٠٢٠) ، شیکاری سوات"S.W.A.T"بۆکەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان-گۆشەی ئابووری، تشرینی ٢٠٢٠. Available at: <https://image.zamenpress.com/root/root/images/121811202016171120 20shekaryy.pdf>. Last visited: 6-2-2021.

15_ بیلال سەعید (٢٠١٨) ، "هەرێمی کوردستان 500 بیرە نەوتی لەدەستداوە"، ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی: ١٠-٦-٢٠١٨. Available at: <http://sulcci.com/details.aspx?=hewal&jmare=11306&Jor=5#link>. Last visited: 29-1-2021.

16- جەعفەر، بەهرۆز(٢٠٢١)، پرۆسە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان: ئاستەنگەکان، لێکەوتەکان، ڕاسپاردەکان، پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی: ٢٦-٦-٢٠٢١. Available at: < https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=209>. Last visited: 27-6-2021.

17_ جهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠١٨)، کێشەی دارایی هەرێم: ڕەهەند و بەرپرسیارێتی و چارەسەرەکان /بەشی پێنجەم و کۆتایی، ماڵپەری پێنووس: 16, 07, 2018. Available at: <http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/573-2018-09-02-18-56-38>. Last visited: 31-1-2021.

18_ جیهانگیر سدیق گوڵپی(٢٠٢١)، پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا، سیناریۆ ئایندەییەکانی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە پێنج (5)ی کانوونی دووەمی2021. Available at: <https://www.centerfs.org/relations-between-the-region-and-the-financial-sector-in-baghdad-are-the-cause-of-the-unrest-the-future-scenarios/>. Last visited: 27-1-2021.

19_ئاسۆ فیشەگی (٢٠٢١) ، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 9 ملیار دۆلار مووچەی فەرمانبەران قەرزدارە، ماڵپەری رووداو: 10-01-2021. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/business/100120213>. Last visited: 26-1-2021.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

20_ دەزگای لوتکە (٢٠٢٠) ، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئاماری پەنابەران بڕوانە: Available at: <https://www.lutka.org/?page_id=3587&lang=ku>. Last visited: 30-1-2021.
21 _ عەبدوڵا حەوێز (٢٠١٨) ، دابەشبوونی نەوتی هەرێم بەسەر پارتی و یەکێتیدا، درەو میدیا: 2018-05-01. Available at: <https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=558>.Last visited: 27-1-2021.
22_ حاکم ئەحمەد ئەنوەر (٢٠٢١) ، دەستەی دەستپاکی: خەڵکانێکی زۆر 2 مووچەیان هەیە و مووچەکانیان دەبردرێت، ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان. ڕێکەوتی: 5/1/2021. Available at: <https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=124484>. Last visited: 30-1-2021.
23_ دەستەی ئامار: ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە 9%یە، ماڵئەری ڕووداو: 25-03-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2503202016>. Last visited: 30-1-2021.
24 _ دەستەی ئاماری هەرێم لەبارەی ڕێژەی بێکاری ڕوونکردنەوە دەدات، ماڵپەری خەڵک: 2020/02/16. Available at: <https://2019.xelk.org/199530/>. Last visited: 301-2021.
25_ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پێوەرەکان. Available at: <http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=893&l=3&#krso2>.Last visited:1-2-2021.
26_ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، راپۆرتی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالی 2019. Available at: <http://www.krso.net/files/articles/100121090153.pdf>. Last visited: 31-1-2021.
27_ راپۆرتی فەرمانگەی توێژینەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، درەو میدیا: ٢٤-١-٢٠٢١. Available at: <https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7708>.Last visited: 27-1-2021.
28_ ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی (٢٠١٩) ، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە، ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی: ١٦-١١-٢٠١٩. Available at: <http://www.sulcci.com/details.aspx?=hewal&jmare=14253&Jor=5>. Last visited: 30-1-2021.
29_ ڕەوا عەبدوڵلا(٢٠٢١)، کەڵەکەبوون و زۆری باج، ژمارەیەک کۆمپانیا ناچار بە هەڵوەشاندنەوە دەکات، ماڵپەری ڕووداو: ٢٦-١-٢٠٢١. Availablea At: <https://www.rudaw.net/sorani/business/260120213>. Last visited: 26-1-2021.
30_ سۆران عومەر (٢٠٢٠) ، راپۆرتێکی ئەوروپی: ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 12.5%ە، ڕووداو: 25-09-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250920209>. Last visited: 30-1-2021.
31_ سیروان محەممەد (٢٠٢٠) ، دەستەی ئامار: ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە 9%یە، ماڵپەری ڕووداو: 25-03-2020. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2503202016>. Last visited: 30-1-2021
32_ سیروان بابان (٢٠٢٠): ڕێژەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لە بەرزبوونەوەدایە، مەودا میدیا – سلێمانی: ٧-١١-٢٠٢٠. Available at: <https://mewdamedia.com/articles/11519>.Last visited: 30-1-2021.
33_ ڕێگای کوردستان-ڕێبین (٢٠٢٠) ، شەپۆلێکی دیکەی کۆچی گەنجان بەرەو ئەوروپا دەستپێدەکاتەوە، ماڵپەری ڕێگای کوردستان: 17تشرین1/أكتوبر 2020. Available at:

<http://www.regaykurdistan.com/index.php/hewal-2018/kurdistan-2018/29688-2020-10-17-07-17-26 >. Last visited: 301-2021.
34_ فازڵ حەمەرەفعەت - محەمەد رەئوف (٢٠٢٠)، نەوت.. رەحمەت یان لەعنەت، درەو میدیا: 2020-05-25. Availabe at: <https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5978>. Last visited: 27-1-2021.
35_ کارزان حسن عبدالرحمن و تاهیر حسۆ زێباری (٢٠١٩) ، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠١٤-٢٠١٧، زانکۆی سۆران: گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە: ١، ل: ١٤٩.
36_ محەمەد رەئوف و فازل حەمەڕەفعەت (٢٠٢٠) ، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. دۆخی کامیان خراپترە؟ راپۆرت: درەو میدیا، ٢٣-١-٢٠٢١. Available at: <https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7699>. Last visited: 27-1-2021.
37_ مشیر رەشید ئیبراهیم (٢٠١٩) ، "لە هەرێمی کوردستان ١٣٠ دۆسیەی گەندەڵی لە دادگاکانن"، ئاژانسی ئانادۆڵ: 24.12.2019. Available at: <https://www.aa.com.tr/ks>.Last visited: 1-2-2021.
38- نەهرۆ محەممەد (٢٠٢١)، حەشدی شەعبی بۆ رووداو: شاری نیشتەجێبوون لە کەرکووک و شنگال دروستدەکەین، ماڵپەری رووداو: 09-01-2021. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/090120213>. Last visited: 27-1-2021.
39_ نەهرۆ محەممەد(٢٠٢١) ، پەدەگی عێراق بۆ 54 ملیار دۆلار دابەزیوە، ماڵپەری رووداو: 07-01-2021. Available at: <https://www.rudaw.net/sorani/business/07012021>. Last visited: 27-1-2021.
40_ هێمن حەسەن (٢٠١٧) ، قەیرانی دارایی هەرێم لاسەنگی ژمارەی دانیشتوانی کورد و عەرەب تێکدەدات، شارپرێس: 04/01/2017. Available at: <https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=77310 >. Last visited: 1-2-2021.
41_ ئەحمەد ئەنوەر (٢٠١٩) ، هەولێر. رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئاژانسی ئانادۆڵ: 09.12.2019. Available at: <https://www.aa.com.tr/ks >. Last visited: 301-2021.
42_ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەفد دەنێرێتە بەغداد، درەو میدیا: 2020-12-20. Available at: <https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7419>. Last visited: 30-1-2021.

# Economic Security from the perspective of the Copenhagen School: Case Study of Economic Security in the Kurdistan Region – Iraq

**Prof. Dr. Salih Omar Issa**
Department of Political Systems & Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
salih.issa@su.edu.krd

**Dr. Parwez Rahim Qader**
Department of Political Systems & Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
parwez.qader@su.edu.krd

***keywords:*** *Economic Security, Copenhagen School, Rent economy, Economic crisis and Kurdistan Region - Iraq*

**Abstract**

In this study, we have tried to highlight the economic security threats of the Kurdistan Region within the framework of the Copenhagen School theory, accordingly, because the Copenhagen school can reveal the hidden threats and dangers within the framework of security issues by presenting five areas and the security sector (political, military, societal, economic and environmental). This research discusses the theory of economic security in the Kurdistan Region, apart from the theory of economic security. Finally, we have come to some conclusions, the most important of which were that all the security sectors have an impact on the security issues in general and the issue of economic security in the Kurdistan Region, and then in recent years, the economic insecurity, the consequences and related issues, particularly the decline in oil prices, budget cuts and salaries by Iraq due to political conflicts. The economy is a single source of oil and Baghdad's budget, which has faced economic insecurity and has increased the unemployment, poverty and youth migration in the Kurdistan Region, according to which it has put the Kurdistan region's societal insecurity.

**الملخص**

فی هذه الدراسة حاولنا ضمن إطار نظرية مدرسة كوبنهاغن دراسة اشكالية الامن الاقتصادي لاقليم كوردستان وتحديد التهديدات والمخاطر الامنية عليه حسب تلك النظرية. لان مدرسة كوبنهاغن عن طريق دراسة وعرض خمس نواحي وقطاعات الامن (السياسي، العسكري، الاجتماعي، الاقتصادي والبيئي) تحاول تحديد التهديدات والمخاطر المخفية ضمن إطار الاشكاليات الامنية. هذه الدراسة عدا المقدمة، تتكون من الإطار النظري لاشكالية الامن الاقتصادي لاقليم كوردستان. ختاما توصلنا الى عدة استنتاجات من اهمها: ان جميع ابعاد و قطاعات الامن لها تاثير على الاشكاليات الامنية بصورة عامة و على اشكالية اقتصاد اقليم كوردستان بشكل خاص، ومن ثم في السنين الاخيرة، انعدام الامن الاقتصادي و اثاره و المشاكل المتعلقة به خصوصا انخفاض اسعار النفط و عدم ارسال و صرف موازنة و رواتب الموظفين من قبل الحكومة المركزية في العراق بسبب الخلافات السياسية، بالاضافة الى اعتماد نظام الاقتصاد الريعي المبني على واردات النفط و موازنة بغداد، كل

هذه الامور عرّض اقليم كوردستان الى انعدام الامن الاقتصادي و ازدياد نسب البطالة و الفقر و هجرة الشباب و هذا بدوره عرّض مركب الامن لاقليم كوردستان الى المخاطر.